Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

2025

# دەستوەردانی پیشەیی لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە


توێژەر :

پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس



Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

**جۆری بڵاوکراوە :**
توێژینەوەی زانستی

**بابەت :**
کۆمەڵایەتی

**توێژەر :**
پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس

**دامەزراوەکە**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە دارێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی :**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## دەستوەردانی پیشەیی لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە

### پوختە :

بابەتی کۆچبەری گەڕاوە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ڕۆژ، کە لە لایەن وڵاتانی (زێد ، گوێزەرەوە، تاراوگە) بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، لێرەوە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئایا کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە ڕێگەی دەستوەردانی پیشەییەوە هاوکاری کۆچبەری گەڕاوە بکات؟ یان ئایا کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت چ تیۆر یان مۆدێلێکی دەستوەردان بەکاربهێنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابوری بۆ کۆچبەری گەڕاوە لە وڵاتی ڕەسەنی خۆی؟ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی شێوازی دەستوەردانی پیشەیی لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەل کۆچبەری گەڕاوە، ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی لاوەکی دێتە دی ئەوانیش:  ناسینی دیاردەی کۆچ و فاکتەرەکانی ڕوودانی، ئاشنا بوون بە بابەتی کۆچبەری گەڕاوە و هۆکارەکانی گەڕانەوەی کۆچبەر، خستنەڕووی ئەو تیۆر مۆدێلانەی دەستوەردانی پیشەیی لەبواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە بەگوێرەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و دەرونییەکان و ئابوورییەکان. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێیگەیشتووە بریتین لە : کۆچبەری گەڕاوە ئەو کەسەیە، کە بە بڕیارێکی خۆویستانە دەگەڕێتەوە نێو زێد و خاکی ڕەسەنی خۆی و کاتی گەڕانەوەی کۆمەڵێک پێداویستی هەیە پێویست بە پڕکردنەوەیان دەکات و کۆمەڵیک کێشەی هەیە، کە دەبێت چارەسەر بکرێت، بێگومان ئەم پێداویستی و کێشانە بەپێی تەمەن، ڕەگەز، بە گوێرەی ئەوەی ئایا کەسەکە بە تەنها دەگەرێتەوە یان خێزانەکە هەموویان، ئاستی ڕۆشنبیرییان و ئەزمونی کۆچیان چۆن بووە، دەگۆڕێن. لەسەر ئەم بنەمایانە جۆری ئەو خزمەتگوزارییەکان، کە پێشکەشیان دەکرێ، دیاریدەکرێن. بۆ پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە کۆمەڵکار ئامادەکراوە بۆ هاوکاریکردنی ئەم کەیسانە. گرنگە بوترێت کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی زانستی زۆر فراوانە چەندین تیۆر و مۆدێلی دەستێوەردانی هەیە. بەگوێرەی کەیسەکان گۆرانکاری بەسەردادێت، دەکرێت کۆمەڵکار لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە چەندین مۆدێلی دەستێوەردان بە گوێرەی پێویست و کێشەکانی، پێشکەشبکات بە جۆرێک سوود بەم کەیسانە بگەیەنێت.

## پێشەکی:

دیاردەی کۆچکردن یەکێکە لەو دیاردانەی لە کۆنەوە مرۆڤایەتی ناسیویەتی، ئەگەرچی بەگوێرەی سەردەمەکان هۆکارەکانی دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی بارودۆخی جەنگ و ململانێی چەکداری و کارەساتی سروشتی و قەیرانی ئابووری هەمیشە هۆکارگەلێک بوون پاڵیان بەتاکەکان و بەتایبەتتر گەنجانەوە ناوە تا کۆچبکەن لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیان بۆ وڵاتی مەبەست لە پێناو داهاتویەکی گەشتر و ژیانێکی شایستەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کۆچکردن کارێکی ئاسان نیە بۆ هەموان، بەڵکو خراپی باری ئابوری تاک وادەکات زۆرجار ئەو ژیانی خۆی بخاتە مەترسی و ڕێگەی مەرگ بگرێتە بەر و بەشێوازێکی نایاسایی لە پێناو گەیشتن بە وڵاتی مەبەست، مەرجیش نییە گەشتەکە و گەیشتنەکە بەوجۆرە دەربچێت، کە پێشبینیدەکرا. ئەمەش وادەکات زۆرێک لە کۆچبەران بڕیاری گەرانەوە بدەن بۆ زێدی خۆیان و ئەو خاکەی تێیدا لەدایکبوون و گەورە بوون ئەمەش دیسان کۆمەڵێک هۆکاری هەیە : هەندێکی پەیوەندی بە دۆخ و گوزەرانی خودی کۆچبەر خۆی هەیە یان بەدەستنەهێنانی ڕەگەزنامە لە وڵاتی ، کە وادەکات بەشێوازێکی نایاسایی بژی و هەمیشە لە ژێر باری ترس و هەڕەشەدا بێت یان ئەو هۆکارانە نەماون، کە وایانلێکردووە کۆچبکات و پەیوەستن بە هەلومەرجی وڵاتە ڕەسەنەکەی خۆی، بۆ نمونە کۆتاییهاتن بەجەنگ و بوژاندنەوەی ئابووری ...هتد.

گەراندنەوەی کۆچبەران کارێکی ئاسان نییە پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتی مەبەست و ڕەسەن هەیە، لەگەڵ هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە کۆچبەران. ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی چەمکێکی تازە لە بواری کۆچ، کە پێیدەوترێت حوکمداری کۆچ (حوكمة الهجرة) کە مەبەست لێی ئیدارەدانێکی ڕاست و تەندروستی پرۆسەی کۆچ و گەڕانەوەی کۆچبەرانە بۆ زێدی خۆیان بەجۆرێک، کە تاکی کۆچبەری گەڕاوە زەرەرمەند نەبێت و ڕێز لە ماف و شکۆ و مرۆڤبوونی بگیرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەم پرۆسەیە هەردوو وڵات لێی سودمەنددەبن، بەپێی توێژینەوەکان دەردەکەوێت تێچووی کەسێکی کۆچبەر لە وڵاتی مەبەست زیاترە لەو هاوکارییە ماڵییەی  لەکاتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی، تیای خەرجدەکرێت، لە لایەکی دیکەوە سودی بۆ وڵاتی ڕەسەنی خۆی دەبێت، چونکە دواجار سەرچاوەیەکی مرۆیی و خاوەن توانا و لێهاتوویە و زمانێکی تازە و شێوازی ژیانکردنی جیاواز و ڕەنگە خولی ڕاهێنانی لە بوارە جیاوازەکان وەرگرتبێت و ئەزمونێکی باشی لە وڵاتی مەبەست وەرگرتووە. ئەمانەش دەبێتە سامانێکی مرۆیی، کە دەکرێت ڕۆڵ بگێڕێت لە بەرەوەپێشچونی ولاتەکەی، ئەگەر بەباشی کاری لەسەر بکرێ، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیاندا کۆمەڵێک پێداویستی و کێشەیان هەیە و دەبێت هاوکارییبکرێن، لەم ڕووەوە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری (سەرەتایی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، یاسایی، ئابووری، تەندروستی و پەروەردەیی) پێشکەشبکرێت. لێرەدا کاری کۆمەڵایەتی وەک پیشەیەکی زانستی لە ڕێگەی تیۆر و مۆدێلە جیاوازەکانی دەستێوەردانەوە دەتوانێت لەم ڕوانەوە هاوکارێکی باش بێت.

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە لە چەند باس و تەوەرێک پێکهاتووە : باسی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە، لە تەوەری یەکەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە، کە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکەیە، تەوەری دووەم ناساندنی چەمک و زاراوەکانە، باسی دووەم تایبەتە بە بابەتی کۆچ بەگشتی لەڕووی مێژویی و هۆکارەکانی و شوێنەوارەکانی، باسی سێهەم گەڕانەوەی کۆچبەران لەڕووی مێژویی و هۆکارەکانی و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێویستیانە بەپشتبەستن بە تیۆر و مۆدێلەکانی دەستوەردانی پیشەیی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا.

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## ١- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ١-١ / کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە یەکێکە لە گرنگترین و سەرەتاییترین هەنگاوەکان لە توێژینەوەی زانستی و بریتییە لەو پرسیارەی، کە لە مێشکی توێژەر دروستدەبێت و بەکۆی توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامێکی ورد و زانستی بۆ بدۆزێتەوە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی .

بابەتی کۆچبەری گەڕاوە، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان لە ئەمڕۆدا بەتایبەت لەدوای ئەو هەوڵانەی لەلایەن حکومەتەکان دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆچبەرانی نایاسایی لە وڵاتەکانیان و دەرکردنی چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی کە پێویستە وڵاتان پابەندبن پێوەی بۆ ڕێزگرتن لە شکۆی کۆچبەران وەک مرۆڤێک، کە خاوەن کەسایەتی و مافە. ئەمە جگە لە بەهەند وەرگرتنی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی، کە پێیدا تێپەڕیوە لەکاتی گەشتەکەیدا، بۆیە پاڵپشتیکردنی ئابوری و هاوکاریکردنی دەرونی و کۆمەڵایەتی کۆچبەر لە سادەترین ئەو کارانەیە، کە پێویستە ئەنجامبدرێت لە پێناو ئەو کۆچبەرەی بڕیاری گەڕانەوە دەدات، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە چۆن و بە چ میکانیزمێک ئەم هاوکاری و خزمەتانە دەگاتە ئەم کەسانە؟ لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی : ئایا کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە ڕێگەی دەستوەردانی پیشەییەوە هاوکاری کۆچبەری گەڕاوە بکات؟ یان ئایا کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت چ تیۆر یان مۆدێلێکی دەستتێوەردان بەکاربهێنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (سەرەتایی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری) بۆ کۆچبەری گەڕاوە لە وڵاتی ڕەسەنی خۆی؟

### ١-٢/ گرنگی توێژینەوە

یەکەم / گرنگی تیۆریی:

١. خودی بابەتی گرنگیدان بە مەسەلەی کۆچبەری گەڕاوە بەتایبەت لەڕووی دەستوەردانی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی جێگەی بایەخە، ڕاستە بابەتی کۆچ یەکێکە لە بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی کە لەمێژە کاری لەسەردەکرێت، بەڵام بابەتی کۆچبەری گەڕاوە بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق جێگەی بایەخە بەتایبەت، کە کاری کۆمەڵایەتی ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ هەر کەس و لایەنێک، کە پێویستی بە هاوکاری هەبێت. کۆچبەری گەڕاوەش بەهۆی زۆری پێویستی و کێشەکانی چەندین پێویستی لەچەندین لایەنەوە هەیە، کە دەکرێت ببێتە یەکێک لە ئەرکەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە ئەمڕۆ و لەداهاتووشدا.

٢. بابەتەکە تازەیە و بە پێی زانیاریەکانی توێژەر پێشتر کاری لەسەر نەکراوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو زانیاریانەی لەم توێژینەوەیە دەخرێنەڕوو زیادەیەکی زانستی دەبێت بۆ کتێبخانەی کوردی.

دووەم/ گرنگی پراکتیکی:

١. خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان سوودێکی زۆر دەگەیەنێت بە توێژەران بەتایبەت ئەو توێژەرانەی لەبواری کۆچ و کۆچبەری گەڕاوە دەنوسن.

٢. خستنەڕووی پێشنیاز و ڕاسپاردەکان، کە دەکرێت دامودەزگاکانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان سوودی لێوەربگرن بۆ خزمەتکردنی زیاتری کۆچبەری گەڕاوە.

### ١-٣/ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی شێوازی دەستوەردانی پیشەیی لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە .

ئامانجە لاوەکییەکان:
1. ناسینی دیاردەی کۆچ و فاکتەرەکانی ڕودانی.
2. ئاشنابوون بە بابەتی کۆچبەری گەڕاوە و هۆکارەکانی گەڕانەوەی کۆچبەر.
3. خستنە ڕووی ئەو تیۆر مۆدێلانەی دەستوەردانی پیشەیدەکەن لەبواری کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە بەگوێرەی خزمەتگوزاریە: سەرەتاییەکان، کۆمەڵایەتیەکان، دەرونییەکان، ئابورییەکان .

## ٢-ناساندنی چەمک و زاراوەکان

### ١-٢/ دەستوەردانی پیشەیی

بارکر پێناسەی دەکات بەوەی کۆمەڵێک چالاکییە، کە کۆمەڵکار بەکاریدەهێنێت بۆ چارەسەری کێشەیەک یان ڕێگرتن لە ڕودانی یان هێنانەدی ئامانجێک بە ئاراستەی کوالێتی ژیانکردن (فهمي: ٢٠١٣، ل٤٣). هەروەها دەوترێت کۆمەڵێک چالاکی پیشەیی ڕێکخراوە یان کۆمەڵێک هەنگاوە، کە کۆمەڵکار دەیگرێتەبەر لە دەستنیشانکردنی بارودۆخەکە و دیاریکردنی ئامانجەکانی دەستوەردان و ستراتیژ و تەکنیکەکانی دیاریدەکات لە چوارچێوەی پلانی دەستوەردان، پاشان جێبەجێکردنی پلانەکە، هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی و کۆتاییپێهێنانی ( علی:٢٠٠٩،ل٩١). یان دەوترێت چەمکێکە دەربڕینی هەموو ئەو چالاکیانەیە، کە کۆمەڵکار ئەنجامیدەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی دیاریکراو لە دەستنیشانکردنی ئامانج و ڕێگاکانی هێنانەدی ئامانجەکە. (علی ، ٢٠٠٩،ل٣٢٣).

پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی (دەستوەردانی پیشەیی) دەکرێت بڵێین کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێگەی زانستییە، کە کۆمەڵکار بەکاریدەهێنێت بەمەبەستی هاوکاریکردنی سودمەند، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی یان ڕێگریکردن لە ڕوودانی کێشە. پێناسەی ڕێکاری بۆ ئەم چەمکە ئەو هەنگاوانەن، کە کۆمەڵکار بەکاریدەهێنێت بۆ هاوکاریکردنی کۆچبەری گەڕاوە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

### ٢-٢/کاری کۆمەڵایەتی

واڵتر فریدلاندر پێناسەی دەکات بەوەی جۆرێکە لە خزمەتگوزاری پیشەیی، کە بنەمایەکی زانستی هەیە لە کۆمەڵێک زانیاری و لێهاتووی پێکدێت لە بواری پەیوەندییە مرۆییەکان، ئامانجی یارمەتیدانی تاکەکانە وەک تاکبار(حاڵەت) و گروپ بەمەبەستی گەیشتنیان بە ئاستێک لە خۆگونجاندن و پێگەیشتن و پشتبەخۆبەستن، وەک یەکێک لە پیشەکان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پیادەدەکرێت (آبونصر: ٢٠٠٩،ل٤٩).
لەلایەکی دیکە هربرت ستروب پێناسەی دەکات و دەڵێت: هونەری گەیاندنی سەرچاوەی جیاوازە بۆ تاک و کۆمەڵ بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕێگایەکی زانستی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی تا یارمەتی خۆیان بدەن (السروچی و ابو المعاطي:٢٠٠٨،ل١٢١).

الفريد کاهن پێناسەی دەکات بەوەی جۆرێک وەڵامدانەوەی نوێیە، داهێنانێکی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگا هێناویەتیە کایەوە لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییە جیاوازەکانی مرۆڤ لەسەردەمی نوێ (عبید و جودت :۲۰۰۹،لا۲۵). لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەی تیۆریی بۆ کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە پیشەیەکی زانستی، کاردەکات لە پێناو هاوکاری کردنی مرۆڤ، جا بە تەنها بێت یان بە گروپ لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بەمەبەستی گەیشتنیان بە خۆشنودی کۆمەڵایەتی.

پێناسەی ڕێکاری بۆ کاری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لێی چۆنیەتی کارکردنی ئەم پیشەیەیە لەگەڵ کۆچبەری گەڕاوە و جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیدەکات.

## ۲-۳/کۆچ

دۆنالد بۆج پێناسەی دەکات بەوەی ئاماژەیە بۆ گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و دووبارە خۆگونجاندنەوەیان لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی ژیان لەکۆمەڵگەیەکی تر (الحدیثي : ۱۹۸۸، لا۴۲۲).

ئیڤرت لی دەڵێت بریتییە لە گۆڕینێکی بەردەوام یان نیمچە بەردەوامی شوێنی نیشتەجێبوون بە چاوپۆشیکردن لە بڕینی ماوەیەکی نزیک یان دوور بۆ شوێنە نوێیەکە جا ئەو کۆچکردنە بەناچاری بێت یان ئارەزوومەندانە ، دەرەکی بێت یان ناوەکی (سهاونة:۱۹۸۳،لا۱۰۷). لە لایەکی دیکە ئەنتۆنی غدنز دەڵێت کەسانێکن دەچنە نێو خاکی وڵاتێکی تر بەمەبەستی نیشتەجێبوون و مانەوە تێیدا (غدنز:۲۰۰۵، لا۳۳۲). لێرەوە کۆچ لە پێناسەی تیۆرییدا بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی کەسێک بەهەر هۆکارێک بێت، کە تەواوی ژیانی دەگۆڕێت. لە پێناسەی ڕێکاری کۆچ لەم توێژینەوەیە مەبەستمان لێی کۆچی دەرەکییە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە.

## ۲-٤/ کۆچی گەڕاوە

مەبەست لێێ پرۆسەی گەڕانەوەیە بۆ خاڵی دەستپێکردن جا لە نێوخۆی وڵاتەکە بێت یان لەنێوان وڵاتی زێد و گوێزەرەوە و تاراوگە (وکالة امم المتحدة للهجرة،۲۰۲٤،لا۳). یان دەوترێت بەرنامەیەکە لەلایەن ڕێکخراوی کۆچی نێو دەوڵەتی (IOM) پاڵپشتی دەکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەو تاک و خێزانە کۆچبەرانەی دەیانەوێت لە وڵاتی مەبەست بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ڕەسەن و دووبارە گونجاندنەوەیان لە زێدی خۆیان و هاوکاری کردنەکەش لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرون کۆمەڵایەتیە (دینیسون :۲۰۲٤،لا٦). هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی باشترین ڕێگا چارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆچبەران و هاوکاری کردنی بەمەبەستی دوبارە گونجاندنەوەی هەمووی لەپێناو ئەوەی کۆچبەر مافی هاونیشتیمانیبوونی هەبێت و تەواوی مافەکانی پارێزراو بێت (هندي :۲۰۲٤،لا۹۱). کەواتە پێناسەی تیۆری بۆ ئەم چەمکە دووبارە گەڕانەوەی کۆچبەرە بۆ نێو خاک و نیشتیمانی خۆی و سەرلەنوێ دەستکردنەوەیە بە ژیان لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا.

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئەم چەمکە مەبەست لێی پرۆسەی گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانەیە کە لە تاراوگە دەگەڕێنەوە نێو عێراق و هەرێمی کوردستان.

## ٣-كۆچ

### ٣-١/ مێژووی کۆچ

کۆچ یەکێکە لەو دیاردانەی، کە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی سەریهەڵداوە و لە کۆنەوە تا ئێستا بە ڕێژە و ئاستی جیاواز و بەپێی کات و شوێن و هۆکارەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لەسەرەتای مرۆڤایەتی مرۆڤەکان بە تاک و بە کۆمەڵ کۆچیانکردوە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر لەپێناو دابینکردنی خۆراک یان بۆ ڕزگاربوون لە دیاردە سروشتییەکانی وەک بورکان و لافاو و بومەلەرزە یان لە کاتی نەبوونی باران یان بۆ دۆزینەوەی جێگەیەک، کە کەشوهەوایەکی گونجاوی هەبێ بۆ ژیان زۆرجاریش لە ترسی هێرشی کۆمەڵەکانی دیکە بووە.

لە عێراق سەرەتای کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کە ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی عێراقیان بەجێهێشت ، بەڵام بەگشتی لە ساڵانی ٦٠ و٧٠ کان دەستیپێکردوە، واتە لە دوای هەڵگەرانەوەی (کودەتا) ساڵی ١٩٦٣ ژمارەیەکی زۆر لە کەسە سیاسییەکان کۆچیانکرد بۆ دەرەوەی وڵات، کۆچکردن لە عێراق کۆمەڵێک هۆکاری هەبووە بە تایبەت توندوتیژی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی و هۆکاری سیاسی و ڕامیاری (راضي:٢٠١٨،لا ٤).

### ٣-٢/ جۆرەکانی کۆچ

چەند پۆلێنێک بۆ کۆچی کراوە لەوانە :

یەکەم / بەپێی شوێن: کۆچی ناوخۆیی و کۆچی دەرەکی.

1. کۆچی ناوخۆی: بریتییە لە کۆچکردنی تاک و کۆمەڵەکان لەنێوخۆی سنوری یەک وڵات لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر بۆ نمونە لە لادێ بۆ شار یان لە پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی دیکە.
2. کۆچی دەرەکی یان پێشی دەوترێت کۆچی نێودەوڵەتی: بریتییە لە کۆچکردنی تاک و کۆمەڵەکان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە واتە بەزاندنی سنوری ڕامیاری وڵاتێک (علي،بدون سنة طبع،لا ١٩٦ ).

دووەم / بەپێی ( ئازادی بڕیاردان ) :

1. کۆچی خۆویستی: واتە کەسەکە ئازادە و بەتەواوی توانا هزرییەکانی بڕیاردەدات لەسەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بگۆڕێ و کۆچ بکات لە جێگایەک بۆ جێگایەکی دیکە .
2. کۆچی زۆرەملێ (ناچاری) : ئەمەش ئەو جۆرە کۆچەیە، کە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک تیایدا ناچار دەبن بەجێهێشتنی ماڵ و خاک و نیشتمانیان لە پێناو پاراستنی گیان و ژیان و شکۆیان .

سێهەم / بەپێی کاتی مانەوە :

1. هەمیشەیی: واتە کۆچکردنی کەسێک یان کۆمەڵێک لە و شوێنەی تێیدا لەدایکبوون بۆ شوێنێکی تر بەشێوازێکی هەمیشەیی و بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆی .
2. کاتی: واتە کەسانێک هەن بە هەر هۆکارێک بێت (خوێندن، کارکردن، گەشتکردن، سەردانیکردن،...هتد) بۆ ماوەیەکی کاتی شوێنی سەرەکی خۆیان بەجێدەهێڵن و ڕوودەکەنە شارێک یان وڵاتێکی دیکە .
3. هەمیشەیی کاتی: لەم جۆرەدا کەسەکە بڕیاری کۆتایی داوە بە بەجێهێشتنی ماڵ و خاکی خۆی و ڕوودەکاتە شار و وڵاتێکی دیکە و دەستدەکات بەژیانێکی تازە و بەتەواوی دەتوێتەوە لە نێو ئەو شوێنە تازەیە بەڵام دواتر بەهەر هۆکارێک بێت دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و تێیدا دەژی.
4. کاتی هەمیشەی : ئەم جۆرە بە پێچەوانەی جۆری پێشوو، کەسەکە بۆ ماوەیەکی کاتی سەردانی شوێن و جێگایەک دەکات لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵام دواتر بڕیاردەدات بۆ هەتاهەتایە لەو شوێنە تازە بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە جێگە سەرەتاییەکەی، کە تیایدا لە دایکبووە. (الشواورة والحبيس: ٢٠١٠،لا ٢٧)

## ٣-٣/ پاڵنەرەکانی کۆچکردن

بە گشتی کۆمەڵێک فاکتەر وا لەکەسێک دەکات کۆچبکات بۆ شوێنێکی دیکە جا ئیتر لە نێوخۆی وڵاتەکەی بێت یان بۆ وڵاتێکی دیکە، سەرچاوەکان ئەو فاکتەرانە دابەشدەکەن بۆ دوو کۆمەڵە فاکتەر ئەوانەی پەیوەندی بە خودی کۆچبەرەوە هەیە و ئەوانەی پەیوەندییان بەو ژینگەیەوە هەیە، کە کەسەکە تێیدا دەژی، جا ئیتر ژینگەی نێوخۆی واتە خێزانەکەی بێت یان دەرەکی کۆمەڵگا و بارودۆخەکەی بێت.

1. فاکتەرە خودییەکان: بێگومان هەر ڕەفتارێک، کە مرۆڤ ئەنجامیدەدات کۆمەڵێک پاڵنەری ناوەکی هەن ئاڕاستەی دەکەن بۆ کردنی ئەو جۆرە ڕەفتارە، هەندێک لەم پاڵنەرانە ناودەبرێت بە (غەریزە) ، ماکدوجل پێناسەی دەکات بەوەی، کە بریتییە لە ئامادەباشییەکی دەروونی و جەستەیی بۆماوەیی، کە یارمەتی تێگەشتنی مرۆڤ دەدات لە ژینگەی چواردەوری، دواتر جۆرە وروژاندنێکی هەڵچونی لا دروستدەکات، کە ڕەفتاری ئاڕاستە دەبێ بەرەو کردنی کارێک و هێنانەدی ئامانجێک، بە گشتی ماکدوجل چەند غەریزەیەکی دیاریکردوە لە نێو خودی مرۆڤەکان، بەرپرسە لە هەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک، کە ئەنجامیدەدات یەکێک لەوانەش غەریزەی کۆچە. (تایلور و سلاکن :١٩٩٦ ، لا٢٢٢-٢٢٦)، کەواتە بەپێی ئەم بۆچونانە مرۆڤ هەرکات هەستی بە نائارامی کرد لەو شوێن و جێگایەی تیایدا دەژی، غەریزەی کۆچ دەبێتە هاندەرێک و پاڵپێوەدەنێ تا شوێن و جێگاکەی بەجێبهێڵێ و ڕوبکاتە شوێن و جێگایەکی تر و بەمەش هاوسەنگی دەرونی بۆ دەگەڕێتەوە .
2. فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان : لیڤن دەڵێت: ڕەفتاری مرۆڤ بریتییە لە کارلێکی نێوان خودی مرۆڤ و ژینگەی چواردەوری تەنانەت پاڵنەرە ناوەکیەکانی مرۆڤ دەرئەنجامی وروژێنەری دەرەکی دروست دەبێت (تایلور و سلاکن:١٩٩٦ ، لا٢٥٣)، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە تیۆری پێداویستیەکانی ماسلۆ دەکەین کە تا ڕادەیەک کۆی گشتی ئەو بارودۆخە و هۆکارانەی کۆکردوەتەوە لە نێو چوارچێوەی هەرەمێکدا کە ناودەبریت بە هەرەمی پێداویستیەکانی ماسلۆ.

ابراهم ماسلۆ دەروناسی ئەمریکی پێیوایە کۆمەڵێک پێداویستی هەن لە مرۆڤدا هەندێکیان گرنگن و پڕکردنەوەیان پەیوەستە بە ژیان و مانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەوانی دیکە گرنگن بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک تا دەگاتە بەجێگەیاندنی، ماسلۆ ئەم پێداویستیانەی دابەشکردووە بەسەر چەند پلەیەک لە نێو هەرەمێک، کە سەرەتا (٥) پلە بوو دواتر (٢) پلەی دیکەی بۆ زیادکردووە بوو بە (٧)، بەم جۆرە دابەشیکردوون بەسەر (٢) بەشی سەرەکی (٤) پلەکەی سەرەتای ناونا پلەکانی بێبەشکردن (الحرمان) و (٣) پلەی کۆتایی ناونا پلەی گەشە، پێیوایە کاتێک بەریەککەوتن دروستدەبێ لە نێوان پێویستیەکانی دووپلە هەمیشە پلەی خوارتر زاڵدەبێ بەسەر پلەی سەرووتر (احمد :٢٠٠٧،لا٧٥)

بەم شێوەیە دابەشیکردووە هەوڵدەدەین لێرەدا باسیبکەین و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر دیاردەی کۆچکردن ڕوون دەکەینەوە .

١. پێویستی فیسیۆلۆجی: ئەو پێویستیانەن، کە کورتمەودان واتە پڕکردنەوەیان پێویستی بە کاتێکی زۆر خێرایە، ئەگەر نا دەبێتە هۆی مردن و لەناوچوونی کەسەکە. ئەم پێویستیانە بە درێژایی تەمەن بەردەوامە و گرنگە بۆ مانەوەی مرۆڤ لە ژیان و پاراستنی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی ئەوانیش پێویستیەکانی (خواردن - خواردنەوە - پاشەڕۆفڕێدان- پاراستنی مرۆڤ لە گەرما و سەرما- دورکەوتنەوە لە ئازار - خەو - جوڵە - سێکس)، ئەم پێویستیانە خۆڕسکە و لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە واتە بەشدارە لە نێو هەموو مرۆڤەکان.

زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەمیشە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی کۆچ پەیوەستە بە بارودۆخی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگادا، واتە هەرکات لە کۆمەڵگا گرنگی بە پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی تاک نەدرا، لە دابینکردنی خۆراک بە تایبەت خۆراکی تەندروست و کوالێتی باش و ئاوی پاک بۆ خواردنەوە و ئاوەڕۆ و کارەبا و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بە گوێرەی مەرجی تەندروستی و گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی لە پێناو پاراستنی گیان و ژیانی کەسەکان ئەمانە هۆکارێکی پاڵنەر (دفع) دەبن بۆ دەرکردنی کەسەکان لە ماڵ و نیشتیمانی خۆیان.

ئەم پێداویستیانە کە ماسلۆ ئاماژەی پێدەکات بە تەنیا دابینکردنی خزمەتگوزاری نیە بەڵکو لایەنی ئابوریش دەگرێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی پڕکردنەوەی پێویستیەکانی مرۆڤە و هۆکارێکی سەرەکیە بۆ کۆچکردنی بە گوێرەی زۆربەی تیۆر و سەرچاوەکان، لایەنی ئابوری پەیوەندی هەیە بە چەند پرسێک گرنگترینیان مەسەلەی بێکاریە رۆسیل پێی وایە بێکاری دەبێتە یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی کۆچکردن لە وڵاتە دواکەوتوەکان بۆ وڵاتە پێشکەوتوەکان لە داهاتوودا (البریفکانی : ٢٠٠٣، ٨٤).

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری ئێستای کۆمەڵگای خۆمان بکەین (مەبەستمان هەرێمی کوردستان و عێراقە) دەبینین یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان، کە پێوەی دەناڵێنێین مەسەلەی بێکارییە. بەو پێیەی لەمساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکان دەردەچن و بڕوانامە بەدەستدەهێنن، بەڵام لەبەرامبەردا دامەزراندن وەستاوە، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکە بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکە وایکردووە، کە کارکردن کەم بوبێتەوە.

٢. پلەیەکی دیکەی پێویستییەکان لە هەرەمی ماسلۆ بریتییە لە هەستکردن بە ئارامی و ئاسایش و دورکەوتنەوە لە ئازار و ئەشکەنجە، واتە هەموو مرۆڤێک پێویستی بەوەهەیە لە ئاشتی و ئاسایشدا بژی و دووربێت لە ترس و دڵەڕاوکێ و ئازار، ئەمانە هاوکار دەبن تا کەسەکە بتوانی تواناکانی دەربخات بیخاتەگەڕ لە پێناو گەیشتن بە لوتکەی هەرەمەکە، ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرەکانی کۆچکردن بە گشتی بەپێی زۆربەی توێژینەوەکان مرۆڤ هەمیشە ئارەزوو دەکات دووربێت لەو شوێنەی ژیان و گیانی تیا پارێزراو نییە. بۆیە خراپی بارودۆخی سیاسی و بوونی شەڕو ململانێی چەکداری یان چەوساندنەوەی تاک لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆرەکانەوە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کۆچکردن.

ئەگەر سەیری کوردستانی باشور بکەین ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕامیاریە خراپەی، کە پیایدا تێپەڕیوە هەمیشە فاکتەرێک بووە بۆ کۆچ کردن ، بۆ نموونە ئەو زوڵم و زۆردارییە گەورەیەی لەلایەن ڕژێمی بەعس بەرامبەرمان کرا لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شەهیدکردنی(٥٠٠٠) کوردی بێتاوان و ئەنفالکردن و لەناوبردنی (١٨٢٠٠٠) کورد و بێسەروشوێنکردنیان و سوتاندنی (٧٠٠) گوند و ڕاگواستنی بە زۆری دانیشتوانەکەی، پاشانیش لە دوای ئازادکردنی کوردستان و لە ساڵی (١٩٩١) و مەترسی و زیانەکانی شەڕی ناوخۆ، هەتا گەشتینە جەنگی داعش هەموو ئەمانە وایکردوە، کە هەمیشە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی جەنگ و ململانێی چەکداری بێ و تاک تیایدا هەست بەئارامی و ئاسایش نەکات، ئەمانەش فاکتەری پاڵنەر بوون بۆ تاکەکان تا ڕێگایەکی دوور بگرنەبەر و بەرەو ژیانێکی نادیار ئاڕاستە بن لە پێناو پاراستنی ژیان و گیانی خۆیان و داهاتووی منداڵەکانیان.

٣. پێویستیی خۆشەویستی و ئینتیما:
ئەمەش لە ڕێگای پەیوەندیکردنی تاک بە ژینگەی چواردەور و کەسانی تر دروست دەبێ لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانی تر جا ئیتر خێزان بێ یان هاوڕێ یان شوێنی کار...هتد
پێویستیی ئینتیما: تاک لە ژیانیدا بە تۆڕێکی پەیوەندی بەستراوە بە ئەوانی دیکەوە بۆ نموونە بە ئاینێکی دیاریکراو، نەتەوە و نەژادێک، زمانێک، کلتورێک، ڕەنگێک، ڕەگەزێک جگە لەو گروپانەی لە ژیانی دەیانبینێ ،هەموو ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر ئەو تاکە بەجێدەهێڵێت و پێویستیەکانی بۆ پڕدەکەنەوە بۆیە تاکیش ناچاردەبێ، کە خۆی بگونجێنێ لەگەڵیان و بەوشێوەیە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات، کە داوای لێدەکرێت، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی بۆیە دەبینی هاوشێوەی دابونەریت و بیرو باوەڕەکانی کۆمەڵگاکەی دەجوڵێت، لێرەوە دەکرێت ئینتیما و وابەستەبوون بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی کۆچکردن بێت بەوەی، کە زۆرجار ئەو بڕیارەی تاک دەیدات بۆ کۆچکردن بڕیاری تاکەکەسی نییە، بەڵکو بڕیارێکی خێزانییە بەو پێیەی خێزانەکە بە هۆی خراپی بارودۆخیان بڕیاردەدەن بەهێزترین و گەنجترین کەسی خێزانەکە کۆچ بکات تا لەوێ کاربکات و ژیانیان بۆ دابینبکات، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە بە گشتی زۆربەی کۆچبەران بەرەو ئەو شوێنانە کۆچ دەکەن، کە خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی کۆچیان بۆ کردووە پێشتر، بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین زۆربەی کوردەکان لە وڵاتەکانی وەک بەریتانیا و ئەوروپای ناوەند و وڵاتەکانی ئەسکەندەنافیا نیشتەجێبوون چونکە ناسیاوی و پەیوەندییەکان، ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە نێوانیان دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی تاکی نوێ بەرەو ئەو ناوچانە کۆچ بکەن، کە پێشتر کەسی ناسیاوی لێبووە. ئەمە وایان لێدەکات زیاتر هەست بەئارامی و ئاسایشی دەرونی بکەن.

٤. پێویستیی پێزانین و ڕێزگرتن :
یەکێکی دیکە لە پێویستیەکانی مرۆڤ بریتییە لە هەستکردن بە ڕێز و پێزانین ئەمەش دوو بەشە بەشێکیان پەیوەستە بە ڕێزگرتنی خودی تاک بۆ خۆی واتە مرۆڤ هەست بەبوون و بەهای خۆی بکات، تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر بە خۆی هەبێ و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خۆی هەبێ، بەمەش دەتوانێت پەیوەندیەکی ئەرێنی و دروست لەگەڵ ئەوانی دیکە دروستبکات، بێگومان ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک دروستدەبێت، کە پرۆسەیەکە لە سەرەتای لە دایکبوون دەستپێدەکات هەتا پیربوون و مردنی مرۆڤ بەردەوامە، کۆی کەناڵەکانی کۆمەڵگا لە (خێزان – گروپی هاوڕێ، خوێندنگا، دامەزراوەی ئاینی، ڕاگەیاندن .. هتد) بەشدارن تیایدا، ئەرکیان بریتییە لە دروستکردنی بناغەی کەسێتی تاک لە ڕووی جەستەی و عەقڵی دەروونی کۆمەڵایەتی ڕۆحی، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ مندال، کە بێگومان مەبەستمان یەکەم شێوازی مامەڵەکردنی دایک و باوک و پاشانیش ئەکتەرەکانی دیکەی ژیانی تاک بەرپرسن لە دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە مێشک و ناخی تاک بەرامبەر بە خودی خۆی. دواجاریش هەموو ئەو گروپانەی تاک لە ژیانی دەیناسێ و هەموو ئەزموونەکانی بەشێک دەبن لە دروستکردنی تێڕوانینی تاک بەرامبەر بە خۆی.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت ئەوەیە ئەگەر تاک لە ژیانی ڕێز و خۆشەویستی و پێزانین و مامەڵەی ئەرێنی وەربگرێ دواجار هەر ئەوە دەبەخشێتەوە بە کەسانی چواردەوری و ئەو خێزانە تازەیەی دروستی دەکات و بە منداڵەکانی، ئەم ڕێزو تێڕوانینەشی زۆر شت دەگرێتەوە لەوانە هەستکردن بە تایبەتمەندی بەوەی کەسێکی تایبەتە و خاوەن کەسێتی و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی و هێز و ئازادی و سەربەخۆی هەیە متمانە بە خۆبوونی هەیە، بەڵام بڕگەکەی تر بریتییە لەوەی کە تاک ڕێزی لێ بگیرێ و هەست بەقبوڵکردن بکات لە نێو ئەو گروپ و کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی، ئەمەش بەوە دەبێ کە ڕێگای ئەرێنی و دەرفەتی بۆ بڕەخسێت تا تواناکانی بخاتەگەڕ و بۆ ئەوەی بتوانێ داهێنان بکات و شوێن و پێگەی پێبدرێت لە کۆمەڵگا، بەجۆرێک کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئاستی توانا و لێهاتوویەکانی و شکۆ و کەرامەتی بپارێزی و بایەخی پێبدرێت و بە گرنگ و وەک مرۆڤ تەماشا بکرێت، هەرکات تاک لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی ئەم بایەخ و گرنگیپێدانەی نەبینی ئەوکات هیچ خۆشەویستی و هەستکردن بە وابەستەبوونێکی نامێنێ بۆ ئەو خاک و نیشتیمانەی تیایدا لە دایکبووە و دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی کۆچکردن.

٥. پێویستیی مەعریفە و تێگەشتن:
واتە پێویستیی مرۆڤ بە زانست و زانیاری و تێگەشتن و دۆزینەوە و ناسینیشت و شوێنی تازە، خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز هەمیشە ئامانجێک بووە بۆ کۆچکردنی زۆرێک لە گەنجان، خراپی بارودۆخی کۆمەڵگا و ناسەقامگیرییش پاڵنەرێکبوو بۆ هاندانی کەسانی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان و شارەزاو خاوەن عەقڵ تا کۆچ بکەن بەرەو وڵاتە پێشکەوتووەکان لەبەرئەوەی لەو وڵاتە ڕێز لە هێز و تواناکانیان دەگیرێ و هاندەدرێن و بارودۆخی سەرکەوتنیان بۆ فەراهەمدەکرێ و بایەخیان پێدەدریت ئەمە وادەکات ئارەزووی گەڕانەوەیان نامێنێ.

٦. پێویستیی جوانکاری :
وەک پێویستی بۆ ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی لە سەرجەم کار و چالاکی و بارودۆخەکان، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە تیۆرەکەی (ئیڤرت سی لی) بدەین، کە باس لە هۆکاری ڕاکێشان - دەرکردن (جذب – طرد) دەکات بۆ کۆچ لە چوارچێوەی چوار خاڵ دەستنیشانی کردوون :

- هۆکارەکانی تایبەت بە شوێنی کۆچکردن (طرد ناوچەی دەرکردن).
- هۆکاری تایبەت بە شوێنی کۆچ بۆکردن (جذب ناوچەی ڕاکێشان).
- ئاڵنگاری بەردەم تاک.
- هۆکاری کەسێتی و تایبەت .

پێوایە هەمیشە فاکتەرەکانی کۆچکردن یەکێکە لەم چوار هۆکارە، لە پێشەوە ئاماژەمان بە هۆکارەکانی دەرکردن واتە ڕاوانانی کەسەکان کرد بۆ ئەوەی شوێن و خاکی خۆیان بەجێبهێڵن و بچنە وڵاتانی دیکە (ابو عیانة : ٢٠٠٠،ل٢٩٧).
لەم پلەیەی پێویستییەکانی ماسلۆ ئاماژە بەهۆکارەکانی ڕاکێشان(جذب) دەدەین، تایبەت بەو شوێنەی کۆچبەر بۆیدەچێت، ئێمە باسمان لەوەکرد، کە یەکێک لە پێویستیەکانی مرۆڤ پێویستیی جوانی و ڕێکخراوەییە، ئەوەی کۆچبەر دەیبینێ لەو وڵاتەی هەوڵدەدات بۆیبچێت پڕکردنەوەی ئەم پێویستیەیە لە بینینی دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشی وڵاتە پێشکەوتوەکان لە ڕووی ئەندازیاری و تەلارسازی و سەوزایی و پارک و ڕوبار و دەریاچە، هەروەها بوونی ئازادی و سەربەخۆیی، کە یەکێکە لە جوانییەکان بۆ تاکێک کە لە کۆمەڵگایەک بژی بەردەوام هەست بە زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و سەرکوتکردن بکات، هەروەها بوونی سیستەم لە کاربەڕێوەبردن و ژیانێکی ڕێکخراو و مسۆگەر، هەموو ئەمانە وادەکات تاک هەوڵدەدات بەرەو ئەو وڵاتە بڕوات، کە تیایدا جوانییەکانی دەبینێت ڕێکخراوەیی دەبینێت لە ستایلی ژیانکردن و لە کار و تەندروستی و خوێندن و فێرکردن ... هتد.

٧. پێویستی خودبەجێ گەیاندن:
واتە خۆت چۆن بویت ئاوابیت ئەمەش قۆناغێکە هەموو کەس پێیناگات و بۆ گەیشتن پێی یا دەبێت کەسەکە لە قۆناغی کامڵ بوونی عەقڵی و ژیری دابێت، واتە تەمەن و ئەزموونی ژیان کاریگەری هەیە لە گەیشتن پێی یان دەبێت پێویستیەکانی دیکەی پڕ کرابێتەوە ئینجا ئەو کەسە دەتوانێت بگاتە ئەم قۆناغە، لێرەدا مرۆڤ خودی خۆی بە باشی دەناسێت و تەواوی توانا نادیار و شاراوەکانی دەزانێت، خاڵی بەهێز و لاوازی دەناسێت و لایەنە لاوازەکانی بەهێزدەکات و تواناکانی دەخاتە گەڕ ئەمە ئەو قۆناغەیە، کە ئیتر تاک تیایدا بۆ خۆی دەژی بەگوێرەی حەز و ئارەزوو بڕیارەکانی خۆی و دەتوانێت داهێنان بکات ، ئەمەش زیاتر لە بواری کارەکەی دەردەکەوێت هەر سەبارەت بە تیۆریی (جذب - ڕاکێشان) هەمیشە کۆچبەر ئەمە دەبینێت و پێشبینی دەکات لەو وڵاتەی بۆی دەچێت، کە وڵاتێکە دەتوانێت خودی خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمانکرد کۆمەڵێک هۆکاری تر هەیە کاریگەری هەیە لەسەر کۆچکردن لەوانە:

- ڕاگەیاندن:

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و سۆشیاڵ میدیا بە تایبەتی لەمرۆدا ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە هاندانی تاکەکان بۆ کۆچکردن ئەمەش لەلایەن باندەکانەوە بە شێوازی چەواشەکاری بەکاردەهێنرێ بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و دروستکراو لەسەر چۆنیەتی ئاسان گەیشتن بەو وڵاتە، بوونی هەلیکار و ژیانێکی مسۆگەر لە هەموو ڕوویەکەوە، بە ئاسان وەرگرتنی مافی پەنابەریەتی و ڕەگەزنامە، ئەمە جگە لەوەی لە ئێستادا کەسانێک هەن، کە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆ لەبارەی ژیانی ڕۆژانە و ژیانی خۆیان و نمایشکردنی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و فانتازیا دەبنە هاندەر بۆ ڕاکێشانی خەڵکانێکی زۆر تا کۆچبکەن و ئەوانیش بەو شێوەی ئەوان بژین.


بور سلمانە لە ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی (مواقع التوصل الاجتماعي ودورها فی الصوره اللنمطیه للهجره لدی شباب الجامعی) لە ساڵی ٢٠١٧، لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەشتووە ئەوەیە، کە خوێندکارانی زانکۆ کە بێگومان لە تەمەنێکی گەنجدان زیاتر لە (٢) کاتژمێر ڕۆژانە بەسەردەبەن لەگەڵ سۆشیاڵ میدیا بە تایبەت فەیسبوک و بایەخ بەو بابەتانە دەدەن، کە لەسەر کۆچکردن بڵاودەکرێتەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بازارگەری بۆ گەشتکردن و خوێندن و کارکردن، کە بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش نمایش دەکرێن و وێناکردنێکی ئەرێنی دەدات بە وەرگر و بەمەش وێنەیەکی ئەرێنی بۆ کۆچکردن لە مێشکی تاکەکان دروستکردووە، کە وایلێکردون پلان دانێن بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات (سلمانة :٢٠١٧).

ئەگەر چی تیۆری (الاستخدامات والاشباعات) بەکارهێنانەکان و تێرکردنەکان لەسەر بنەمای چەند گریمانەیەک داڕێژراوە کە لەلایەن لوندبرج و هولستین دانراوە بەپێی گریمانەکانی ئەم تیۆرە کەسێک، کە سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنێ کۆمەڵێک پاڵنەری سایکۆلۆجی و پێداویستی تاکەکەسی هەیە پاڵیدەنێ بۆ ئەو بابەتەی تەماشای دەکات، واتە بەکارهێنانەکەی ئامانجدارە لەلایەن کەسەکە و لەسەر ئەم بنەمایە مەودایەکی زۆر کەم هەیە بۆ کاریگەری تێرکردنی جەماوەر لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت لەسەر ڕەفتار و ئاڕاستەکردنیان، گریمانەیەکی تر ئەوەیە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێک لە بازنەی پێداویستییەکانی تاک پڕدەکاتەوە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێگای جیاواز بەکاردێنن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی تاک، کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ژیانی تاک تێبگەین دەبێ سەرەتا بزانین پێداویستییەکانی تری بە ڕێگا کلاسیکیەکە چۆن پڕکردووەتەوە.

گریمانەیەکی دیکە ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت بزانین ئامانج لە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن چییە ئەوە سەرەتا دەکرێت پرسیار لە تاکەکان بکەین، چونکە خۆیان پێشوەختە دەزانن بۆ چ مەبەستێک بەکاریانهێناوە، گریمانەیەکی تر ئەوەیە تاکەکان زۆر جیاوازن لە یەکتر، بۆیە لێرەوە دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە جیاوازی لە بەکارهێنان و پڕکردنەوەکان چەنێک زۆرن.

بەپێی ئەم تیۆرە بێ ڕاگەیاندن زۆر کاریگەری نییە لەسەر ئاڕاستەکردنی هۆش و بریار و ڕەفتاری تاک بەرەو کۆچکردن، بەڵکو ئەو پاڵنەرانەی لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد هۆکارن بۆ بریاردان و پلان دانانی تاک بۆ کۆچکردن، بەڵام دواتر دەگەرێت بەدوای ئەو بەرنامانەی، کە پێویستی پێیەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو ناوچەیەی بریاری داوە بۆی بچێت لە سۆشیاڵ میدیا (مخلوفي و الهلة :٢٠٢٤،ل٢٨)، کەواتە کەسەکە سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنێ تا زانیاری وەرگرێ لەسەر چۆنیەتی ڕۆشتن و پێویستیەکان و چی بکات و پەیوەندی بەکێوە بکات و ئەو شوێنەی بۆی دەچێت کوێیە لێرەدا سۆشیاڵ میدیا دەبێتە کار ئاسانکەر و یارمەتی دەری ئەو تاکەی بڕیاری داوە کۆچبکات.

## ٣-٤/ئامارەکان لەسەر کۆچ لە عێراق




لەم ئامارە دەردەکەوێت ڕێژەی کۆچکردن بە پێی ساڵەکان لە هەڵکشاندایە و ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەک یەکە ئەمەش یەکدەگرێت لەگەڵ بۆچونەکانی گدنز لە پەرتوکەکەی بەناوی کۆمەڵناسی لەساڵی (٢٠٠٥) بڵاویکردەوە و پێشبینی ئەوەدەکات لەداهاتوودا ڕێژەی ڕەگەزی مێی کۆچبەر زیاد دەکات بە بەراورد بە پیاوان، ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئازادبوونی زیاتری کچان و ئارەزووکردنیان بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی بروانامەی بەرز و گەشتکردن بۆ کار و بازرگانی (غدنز:٢٠٠٥،لا٣٣٤).

- بەجیهانیبوون و کۆچ:

کۆچ کردن یەکێکە لە نیشانەکانی بە جیهانیبوون لەم سەردەمەدا بەمەرجێک لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو دەرکەوت ڕێکەوتنێک هەیە لەسەر ئەوەی، کە بەجیهانبوون نە دۆخە نە دیاردەیە، بەڵکو پرۆسەیە ویلکن لە ساڵی (١٩٩٦)دا پێناسەی دەکات بەوەی بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانکاری سیستەمی سەرمایەداری جیهان، ئەم چەمکە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی ئابوری و سیاسی و کلتوری (جورج و ولدنج :٢٠١١،لا٣١).

بەجیهانیبوونی ئابوری یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان لە زیاد بوونی ڕێژەی کۆچ بەهۆی نەرمی نواندنی یاساکان و زۆربوونی داواکاری لەسەر ئەزمونی تاکە کەسی باڵا و کەسی لێهاتوو و بەتوانا، بۆ نموونە لە بابەتی تەکنەلۆجیا لە ئێستادا زۆرێک لە وڵاتەکان خۆیان بانگێشتی کەسانی بەتوانا و لێهاتوو دەکەن لەم بوارەدا تا بچنە وڵاتەکەیان، نەک هەر کەسانی لێهاتوو، بەڵکو لە نێو زۆرێک لە وڵاتەکان بەهۆی کەمبوونەوە یان گران بوونی دەستیکاری ناوخۆی خۆیان داوا دەکەن کرێکاری ناکارامە وەک دەستی کاری هەرزان کۆچ بکات بۆ وڵاتەکەیان، کەواتە بە جیهانیبوون تێکەڵکردنی کلتورەکان بە یەکتری و کۆکردنەوەی جیهان لە چوارچێوەی یەک لادێی بچوک زۆر جار وایکردووە دیاردەی کۆچکردن ئاسان بکات لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە .

### ٣-٥/شوێنەوارەکانی کۆچ:

1. لەڕووی دیموگرافی بێگومان کۆچکردن کاریگەری دەبێ لەسەر گۆڕینی ژمارەی دانیشتوان چ لەو وڵاتەی لێوەی کۆچدەکەن و ئەو وڵاتەشی بۆی دەچن، ئەمەش کۆمەڵێک شوێنەواری نەرێنی بۆ هەردوو وڵات دروستدەکات، ئەو وڵاتەی لێوەی کۆچدەکەن لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی کۆچدەکەن لە تەمەنی گەنجیدان ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر لەدەستدانی سەرچاوەیەکی زۆری مرۆیی، ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکە لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی کۆچدەکەن لەڕەگەزی نێرن ئەمەش دیسانەوە شوێنەواری دیکەی نەرێنی بەجێدەهێڵێ لە ڕووی زیادبوونی ڕێژەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی هاوسەرگیریدان و هاوسەرگیریان نەکردووەو هەڵکشانی ژمارەی قەیرەبوون و دابەزینی ڕێژەی منداڵبوون، کە ئەمانەش دیسانەوە سەرمایەیەکی تری مرۆیە و گرنگە بۆ کۆمەڵگا. سەبارەت بەو وڵاتەشی، کە بۆی دەچن دیسانەوە زۆربونی ژمارەی کۆچبەر، کە فرە چەشن و فرە نەتەوە و فرە کلتورن جۆرێک لە تێکەڵاوی دروستدەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و ئەمانە پێویستیان هەیە و دەبێ پڕبکرێتەوە و ئەمەش بارگرانییەکی زۆر لەسەر ئەو وڵاتە دروستدەکات، کە بۆیدەچن بەتایبەت لە ڕووی ئابورییەوە، چونکە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان هاوسەنگ نابێ لەگەڵ ئەو سەرچاوە مادی و سروشتیانەی بەردەستە .
2. لەڕووی ئابوری وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد لە وڵاتی دەرکردە لەدەستدانی سەرچاوەیەکی زۆری مرۆڤ، کە دەکرێت سود لە تواناکانیان وەربگیرێ لە بوژانەوەی کەرتی ئابوریی وڵات بەڵام بۆ ئەو وڵاتەی بۆی دەچن بارگرانییەکی زۆریان لەسەر دروستدەکات لەڕووی تێچووی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون و خوێندن و خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرفەتی کار، چونکە بە گشتی وڵاتە پێشکەوتووەکان، کە کۆچبەران ڕوویان تێدەکەن وڵاتانێکن باوەڕیان بە مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ هەیە و ئەم کەسانە وەک مرۆڤ سەیردەکەن، کە دەبێ خزمەتگوزاریەکانیان بۆ فەراهەمبکرێت، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی دەستیکار بەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر دابەزینی نرخی دەستیکاری نێوخۆی جگە لەوەی کۆچبەرەکان، کە کاردەکەن ئەو داهاتەی بەدەستیدەهێنن لەو وڵاتە وەبەرهێنانی پێناکەن، بەڵکو دەینێرنەوە بۆ کەسوکار و وڵاتی خۆیان بەمەش سەرمایەیەکی زۆری مادی وڵاتە ڕاکێشەرەکە لەدەستدەچێت واتە بەهەدەردانی داهاتی ناوخۆ.
3. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیادبوونی ڕێژەی جیابونەوەی خێزانەکان لە وڵاتی دەرکردە و کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتی ڕاکێشەر دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی تاوانەکان وەک کوشتن و دزیکردن و تێکچوونی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ و هەرزەکار بەتایبەت لای کۆچبەرەکان بەهۆی بەریەککەوتنی دوو کلتوری جیاواز، کلتوری کۆمەڵگای ڕەسەن و کلتوری کۆمەڵگای مەبەست، زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژییە خێزانییەکان لە نێو کۆچبەرەکان و ئالودەبوون بە مادەی هۆشبەر و توش بوون بە لادانی ئەخلاقی ... هتد جگە لە کێشەی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بە نامۆبوون.
4. شوێنەواری سیاسی بێگومان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی (جذب – ڕاکێشان) و کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی (دەرکردە) بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر گۆڕینی هاوکێشە سیاسیەکان دەبێ.

## ٤- العودة الطواعية ( گەڕانەوەی خۆویستانە):

### ٤-١\کورتەیەک دەربارەی گەرانەوەی خۆویستانە:

بەپێی مادەی (١٣) لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ بڕگەی (ا) دەڵێت هەموو مرۆڤێک سەربەستە لە دیاریکردنی ئەو دەوڵەت و سنورەی، کە بڕیاردەدات ژیانی تێدا بەسەربەرێت، هەر لە هەمان مادە و لە بڕگەی (ب) دەڵێت هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی هەر شوێنێک بەجێبهێڵێت و لەگەڵیشیدا وڵاتەکەی خۆی، لە هەمان کاتیشدا مافی خۆیەتی لە هەر کاتێکدا بیەوێت بۆی بگەڕێتەوە (جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، وەزارەتی مافی مرۆڤ:٢٠٠٢،لا١٦).

بەم پێیە هەموو مرۆڤێک ئازادە، کە بڕیاربدات وڵاتەکەی خۆی بەجێبهێڵێت لە پێناو گەڕان بەدوای ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئارامی و ژیانێکی شایستە، هەرکات لەو شوێن و جێگایەی تیایدا دەژی ئەو ژینگە لەبار و گونجاوەی دەستنەکەوت مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە بۆ نێو خاک و زێدی خۆی بە مەرجێک زەرەرمەند نەبێ .

بیلز و هوجیر پێیانوایە، کە شێوە ڕەنگا و ڕەنگەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ تەنها هەوڵێکی بەردەوامی مرۆڤە لە پێناو خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگە و بارودۆخەی تیایدا دەژی، ئەمەش مانای وایە کۆچبەر جیا لە هەوڵی بەردەوام بۆ خۆتێکەڵکردن و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا نوێیە، کە ئەگەرچی ئەمە لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام زۆرجار تاک شکستدەهێنێ و توانای خۆ گونجاندنی نییە ئەمەش توشی چەندین جۆری شڵەژانی دەرونی دەکات (اسعد :٢٠٠٠،لا١٧٨).

زۆرێک لە توێژینەوەکانیش ڕاستی ئەم بابەتە دەسەلمێنن، کە ڕێژەی توشبوون بە شڵەژانی دەرونی لە نێو کۆچبەران لە وڵاتەکان زیاترە لە کەسە ڕەسەن و خانەخوێی وڵاتەکە ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە سەرەتایترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە دەروونییەی لە نێو ناخی کۆچبەر دروستدەبێ لەکاتی گەشتکردن، چونکە زۆر جار گەشتەکە گەیشتن بە شوێنەکە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانییەتی، کە لە پێش گەشتکردن هەیبوو، وەک چۆن لە تیۆری پێشبینی ڤیکتۆر فرۆم هاتووە کاتێک باس لە چەمکی پێشبینی دەکات بۆ هەر کارێک، کە مرۆڤ ئەنجامیدەدات، دواتر باس لە چەمکی سود دەکات واتە کەسەکە چەند سوود بەدەست دێنێت لەبەرامبەر ماندوو بوونەکانی، پاشان باس لە چەمکی چوونیەکی دەکات ئایا دەرئەنجام بەو جۆرە بوو، کە پێشبینی دەکرا، بێگومان لە حاڵەتی یەک نەگرتنی ئەنجام و پێشبینی ئەوا مرۆڤ توشی حاڵەتی خەمۆکی و ڕەشبینی و بێچارەیی دەبێ .

تەنیاییش لەولاوە هۆکارێکی دیکەی خەمباربوونیەتی هەروەک برن وڕنر دەڵێت مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بەئارامیی دەرونی بکات پێویستی بەنزیکی و تێکەڵاوبوونە لەگەڵ ئەوانی دیکە (عزیز:٢٠٠٦،لا٢).

نابێ ئەوەش لە یادبکەین، کە هەمیشە ژینگەی سروشتی ( ئاو و هەواو بەرز و نزمی خاک ..هتد ) بەشێکە لە مرۆڤ بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوە و هەست و سۆز و هەڵچوون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی.

هەروەک چۆن ابن خلدون دەڵێ هەموو پێکهاتەکانی ژینگەی جوگرافی کاریگەریان هەیە لەسەر سیفەتە کەسێتییەکانی مرۆڤ. کەواتە چۆن کەسانێک لە وڵاتێکی گەرمی وەک وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ وڵاتێکی ساردی وەک وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەچن، ئەمە شوێنەواری خۆی لەسەر لایەنی دەرونی و هەڵچوونیان بەجێدەهێڵن، هەموو ئەمانە دەبنە بەشێک لە ئەزموونەکانی ژیانی تاک (عبدالله :٢٠٠٣،لا٤٨).

لە کاتی وەرنەگرتنی مافی پەنابەرییێتی ئەم کەسانە ژیانیان قورستر و ئاڵۆزتر دەبێ لە کاتی مانەوەیان ناچار دەبن بە شێوازێکی نایاسایی و دوور لە چاوی پۆلیس و حکومەت ژیان بکەن، تەنانەت کاری ڕەش بکەن واتە ژیان و داهاتوویان مسۆگەر نییە، بۆیە ئەم کۆچبەرانە دوو ڕێگایان لە پێشە یان گەڕانەوەی ناچاری (عودةقسری) یان گەڕانەوەی خۆویستانە بۆ نێو زێدی خۆیان گەرچی ئەمەش دووبارە کار و بڕیارێکی ئاسان نییە.

کەواتە گەڕانەوەی خۆویستی بڕیاردانێکی کەسییە بۆ گەڕانەوەی کۆچبەر بۆ زێدی خۆی یان بۆ وڵاتی سێهەم کە بۆی دەستنیشانکراوە، ئەمەش دەکەوێتەوە سەر بڕیاری کەسەکە خۆی. هەمیشە ئەم بابەتە بەشێک بووە لە کارنامەی حکومەتەکان کە چەندین پلان و بەرنامەیان داڕشتووە و کۆچبەران هاندەدەن تا بگەڕێنەوە بۆ نێو خاکی خۆیان، ئەمەش لە ژێر ناوی (حوكمة الهجرة – حوکمداری کۆچ)، کە بریتییە لە سیاسەتێک لە لایەن زۆرێک لە وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەکاردێت بەمەبەستی ڕێکخستن و بەڕێوبردنی پرۆسەی کۆچکردن بە جۆرێک سوود بە کۆچبەر و وڵاتانی زێد و گوێزەرەوە و تاراوگە بگەیەنێت، ئەمەش لە ڕێگای ڕێکخستنی یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆیی وڵاتەکان و ڕێکخستنی کایەی دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەڕێوبردنی سنورەکان و پاراستنی مافی کۆچبەر، پێشکەشکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ کۆچبەری گەڕاوە لە ڕێگای ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM)، دەزگای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)، وەڵامدانەوەی خێرای قەیرانە مرۆییەکان و دابینکردن و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی کۆچبەر و نیشتەجێکردنی سەلامەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) ڕێکخراوەکانی دیکەی پەیوەست بە کۆچ ئیدارەی (٩٥٪)ی بەرنامەکانی تایبەت بە گەڕاندنەوەی کۆچبەر و دووبارە تێکەڵکردنەوەی بە کۆمەڵگاکەی خۆی بە شێوەیەکی هەمیشەیی (اعادة العودة مستدامة) دەکات لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە بە تایبەت بۆ وڵاتانی سەر بە یەکێتی ئەوروپا، ئەگەرچی لەبەرنامەدایە، کە هاوکاریەکانی فراوانتربێت لە ساڵانی داهاتوودا کار بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەکەی دەکات، تا بتوانێت سیاسەتی باشتر دابڕێژێت لەم ڕووەوە، چونکە بەرنامەکە لە سەرەتادایە.

### ٤-١٢\ جۆرەکانی گەڕانەوەی خۆویستانە:

گەڕانەوە چەند جۆرێکە:

1. خۆڕسک (عفوی): کاتێک کەسەکە خۆی بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بەبێ یارمەتی حکومەت یان هیچ لایەنێک.
2. پاڵپشتی کراو(مدعوم): لەم حاڵەتەدا گەڕانەوە پاڵپشتی دەکرێت واتە کەسی گەڕاوە هاوکاری لۆجستی و کۆمەڵایەتی و دەرونی وەردەگرێت.

جۆرێکی تری دابەشکردن

1. خۆویستی/خۆبەخشی (طوعی): واتە کەسەکە بە بڕیاری خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی.
2. زۆرەملێ (قسری): واتە کەسەکە بە ناچاری دەگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی خۆی یان کۆمەڵگەی سێیەم، کە حکومەتی وڵاتی وەرگر دیاریدەکات یان بۆ وڵاتی گوێزەرەوە دەنێردرێتەوە.

ئەوەی لەم توێژینەوەدا باسدەکرێت گەڕانەوەی خۆویستی یان خۆبەخشە، کە پێویستە بە هیچ جۆرێک ناچارکردن و ئازاردانی و ئەشکەنجە جەستەیی و دەرونی و ترساندن و هەڵخەڵەتاندنی تیا نەبێ، لەم جۆرەدا کەسەکە بە تەواوی پاڵپشتی دەکرێت لە ڕێگای ئەو نوسینگە ڕاوێژکاریانەی لە وڵاتەکەیدا بۆی دانراوە، هەموو ڕێگا و شوێنێکی گەڕانەوەی پیشاندەدرێت و دەبێت هەموو پاڵپشتێکی (ئابووری، دەرونی، کۆمەڵایەتی) پێبدرێت وەک جۆرێک لە ڕێزگرتن بۆ شکۆ و شکۆی مرۆڤایەتی کۆچبەر و زانیاری ڕاست و دروستی پێبدرێت، بەزمانێکی پاراو کە لێیتێبگات و بواری پێبدرێت تا بیربکاتەوە و باشترین بژاردەکان هەڵبژێرێت و زۆر جار ڕێگادەدرێت کەسانێکی پسپۆڕ هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی کۆچبەر بکەن، تا بزانرێت تا چەند ئامادەباشی هەیە لە ڕووی هزرییەوە بۆ بڕیاردانی ڕاست. ئەگەر دەرکەوت کەسەکە ناتوانێت بڕیاری ڕاست بدات، دەکرێت دیاریبکرێت کێ لە بری ئەو ئەو بڕیارەدەدات، چونکە بڕیارێکی چارەنوسسازە و پەیوەستە بە ژیان و داهاتووی مرۆڤێکەوە، کە کۆچبەرەکەیە. پاشانیش ئاگاداری و پاڵپشتی تەواو بەو کۆچبەرە دەدرێت تا دەگەڕێتەوە، پێویستە دڵنیایی تەواو بدرێت لە گەیشتنەوەی بە سەلامەتی بۆ شوێنی مەبەست و پاشانیش چاودێری بارودۆخی بکرێت، تا دڵنیایی هەبێت، کە پارێزراوە و سەقامگیربوونی دۆخ و گوزەران و ژیانی لە وڵاتی خۆی یان وڵاتی سێیەم مسۆگەر بکرێت، ئەم دۆخە زیاتر پەیوەندیدارە بە کۆچبەری نا شەرعی و ئەو پەنابەرانەی مافی پەنابەرییان نییە لە وڵاتی مەبەست.

ئەمەش هەمووی لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و ئارام بۆ کەسەکە و پاشان دووبارە قبوڵکردنەوە و دووبارە تێکەڵاوبوون و خۆگونجاندنەوەی لەگەڵ ئەو وڵاتەی بۆیدەچێت لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (التنمیة المستدامة.٣.٢) بە تایبەت ئامانجی (١٥ خاڵی٧)، کە دەڵێت ئاسانکاریکردن بۆ کۆچ و گواستنەوەی کەسەکان بە شێوازێکی ڕێکخراو پارێزراو بەهەستکردن بە بەرپرساریەتی، لە ڕێگای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کۆچی پلان بۆداڕێژراو، کە جۆرێک بەڕێوەبردنی باشی پێوە دیارە. ڕێکەوتننامەی جیهانی لە بارەی کۆچ بە تابەت ئامانجی ژمارە (٢١) کە دەڵێت ڕێگاخۆشبکرێت بۆ گەڕانەوەی کۆچبەرەکان بەشێوازێکی پارێزراو، ڕێگابدرێت بەدووبارە چوونە ناوەوە و تێکەڵاو بوونەوە بە کۆمەڵگاکەیان.

هەموو ئەم ئامانجانە جەخت لەسەر پارێزراوی سەلامەتی کۆچبەر دەکەن لە گەیشتنەوەیان بۆ زێدی خۆیان دووبارە دەستکردنەوە بە ژیان بە شێوازێکی ئارام و پارێزراو و پێویستە ئەم بڕیارە لە کاتێکدا بێت کە ژینگە و وڵاتی کۆچبەر گونجاو بێت ، دەبێت پلانەکە بە جۆرێک بێت گەڕانەوەی کۆچبەر بۆ شوێن و جێگای خۆی هەمشەیی بێت ، واتە جارێکی دیکە هەوڵی هاتنەوە نەدات بۆ وڵاتی مەبەست و ئەوەش لە کاتێک دەبێت کەسەکە ژیانی زامن کرابێت لە هەموو ڕوویەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و خوێندن و تەندروستی و یاسایی ، بۆیە ئەم ئەرکە ئەرکێکی ئاڵۆزە و بە تەنها لایەنێک جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو دەبێت کارێکی هەمەلایەنەی نێوان لایەنەکانی (حوکمی و نا حوکمی و ڕێکخراوەکان) بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆی .

## ٣-٤/پاڵنەرەکانی گەڕانەوەی خۆویستانە:

بە گشتی لەم بەشەدا باس لە گرنگترین هۆکارەکانی گەڕانەوەی کۆچبەران دەکەین کە بریتین لە :

١.هۆکاری خودی:

ئەمەش پەیوەستە بەخودی کەسەکە خۆی لە ڕووی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی ڕۆشنبیری، باری جەستەی و تەندروستی تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی) بۆ نموونە کەسەکە باوکە و ماڵ و منداڵی بۆ نابرێت و بڕیاردەدات بگەڕێتەوە .

٢.هۆکاری ژینگەیی :

أ. وڵاتی مەبەست :

واتە ئەو وڵاتەی، کە کۆچبەر کۆچی بۆکردووە ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە. بەپێچەوانەی بەشی پێشوو، ئەم وڵاتە دەبێت وڵاتی دەرکەر (طرد)، کە کۆچبەر تیایدا ئارەزووی گەڕانەوە دەکات لەبەر چەند هۆکارێک بۆ نموونە ئەو شوێن و جێگایەی وێنایان دەکرد و خەون و خەیاڵی بوو بۆ زۆرێک لە کۆچبەرەکان بەو شێوەیە دەرناچێت، بۆ نموونە ئایزستاد پێوایە کاتێک کۆچبەر دەچێتە وڵاتێکی بیانی لە سەرەتادا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە بتوانێت پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بۆ خۆی و خێزانی مسۆگەربکات و ژیانێکی سەقامگیر بەدەستبهێنێت، بەڵام دەبینێت ئەمە کارێکی گرانە بەتایبەت لە سەرەتای ژیانی کۆچبەریدا کارێکی قورسە، چونکە دەگمەنە کۆچبەر بچێتە ئەو کۆمەڵگایەی لە خەونەکانیدا بووە پێشبینی بۆ کردووە (محەممەد:١٣ . ٢،ل١٨١-١٨٤).

لەلایەکی ترەوە هەستکردن بە شکست (احباط) لە دەروونناسیدا بریتییە لە وەڵامدانەوەیەکی سۆزداری کە پەیوەندیدارە بە هەستکردن بە تورەیی و بێزاری و بێهیوایی ئاستی ئەم (احباط)ە زیاددەکات کاتێک تاک شکست دێنێت لە هێنانەدی ئامانجێک لە ئامانجەکانی جا بەهۆکارێکی ناوەکی بێت یان دەرەکی، ئەمەش توشی بارودۆخێکی دەرونی نەخوازراوی دەکات تیایدا هەست بەکەمی و متمانەبەخۆنەبوون و بێزاری و بێچارەیی و ڕەشبینی دەبێت و دەبێتە هاندەر بۆ گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی.

لە لایەکی ترەوە هەڕەشەکردن بە گەڕانەوە و بەندکردن لە حاڵەتێک، ئەگەر کۆچبەر مافی پەنابەریەتی و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نەبێت، بارودۆخی ژیانی ئاڵۆزدەبێت، لەبەرئەوەی بە نایاسایی دەژی، بەردەوام ژیانی لە هەڕەشەدایە و ترسی هەیە. بۆیە بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەو باشترە لە مانەوەی لەو وڵاتەدا.

ب. سەبارەت بە وڵاتی ڕەسەن:

کۆمەڵێک هۆکار هەیە وادەکات کۆچبەر ئارەزووی گەڕانەوە بکات بۆ زێدی خۆی و ئەو وڵاتەی تێیدا لەدایکبووە، لەوانە هەندێکی پەیوەندی هەیە بە سەقامگیربوونی وڵات بەتایبەت لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بۆ ڕزگاربوون لە بارودۆخی جەنگ و ململانێی چەکداری لە وڵاتەکەی کۆچیکردبێت، کۆتایی هاتنی جەنگەکە دەرفەتێکە تا کەسەکە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، خۆ ئەگەر کێشەکە خراپی باری ئابووری وڵات و بوونی قەیرانی ئابووری بووبێ لە کاتی سەقامگیربوون و بووژانەوەی وڵاتی ڕەسەن دەبێتە دەرفەتێک، تا کەسەکە بۆی بگەڕێتەوە، لە باری کارەساتی سروشتی لەدوای تەواوبوونی کارەساتەکە و دووبارە بوژاندنەوەی ناوچەکە کەسەکە دەکرێت بڕیاری گەڕانەوە بدات واتە لە هەموو بارودۆخەکان بابەتەکە پەیوەستە بە سەقامگیریی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی زادگادا.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی واتە بوونی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، لیژنەی ئاسایشی مرۆیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان پێناسەی دەکات بەوەی، بریتییە لە دەستەبەرکردنی هەموو ئەو پێداویستییە سەرەکییەکانەی گرنگن بۆ مانەوەی مرۆڤ، بەجۆرێک ماف و ئازادیەکانی دەستەبەربکات و بەدووری بکات لە هەرشتێک یان ڕووداوێک یان بارودۆخێک کە هەڕەشە و مەترسی بێت لەسەری.

ابن خلدون لە کتێبی پێشەکی باس لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات و پێیوایە ئەمە ئەرکی دەوڵەتە دەبێ سەقامگیری و ئاسایش لەڕێگای چەند هەنگاوێکەوە دەستەبەربکات، سەرەتا مرۆڤ بۆئەوەی بژی کۆمەڵێک پێداویستی سەرەکی هەیە دەبێ دەستەبەربکرێت. هەروەها ئاسایشی ئابووری، کە پێویستە دەوڵەت هەموو خزمەتگوزارییەکی ئابووری بۆ تاکەکانی فەراهەمبکات، ئاسایشی سیاسی دووبارە گرنگە تا تاک هەست بەخۆشگوزەرانی بکات بە ئارامی دوور لە ترس بژی و ئەمەش بە تەنها لە ڕێگەی سەقامگیری سیاسی و نەبوونی دۆخی شەڕەوە نییە، بەڵکو لەڕێگای فەراهەمکردنی ئازادی و دادپەروەریی و یەکسانی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ دەبێت. ئاسایشی پەروەردەیی بەرپرسە لە دروست کردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، کەواتە تاکێکی کۆچبەر کاتێک دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای ڕەسەنی خۆی پێویستی بەوە هەیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئەو ڕەهەندانە کە ابن خلدون ئاماژەی پێکردووە دەستەبەرکرابێت.

## ٤-٤/ خزمەتگوزاریە پێویستەکان بۆ ئەو کۆچبەرەی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی ڕەسەن و زیدی خۆی:

بە گشتی کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی زانستییە کاردەکات لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ تاک و خێزان و گروپ و کۆمەڵگا، لەڕووی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و هاوکاریکردنیان بۆ چارسەرکردنی کێشەکانیان.

کاری کۆمەڵایەتی سێ ئامانجی سەرەکی هەیە کاری لەسەردەکات (ئامانجی خۆپاریزی و چارەسەرکردن و بەهێزکردنی تواناکان) هەر لەم چوارچێوەیەوە دەتوانرێ ئەم بابەتە تێهەڵکێش بکەین لەگەڵ بابەتی گەڕانەوەی کۆچبەر :

١.ئامانجی خۆپاریزی : ئەمەش لەسەر سێ ئاست کاردەکات:

ئاستی یەکەم: واتە پێش ڕوودانی کێشەکە هەڵمەتی هۆشیاری و چەند میکانیزمێک دەگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی کێشەکە.

ئاستی دووەم: کێشەکە ڕوویداوە کۆمەڵێک میکانیزم دەگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردن.

ئاستی سێیەم: کێشەکە ڕوویداوە و چارەسەرکراوە، لێرەدا کۆمەڵێک ڕێگاو میکانیزم بەکاردێن بۆ هاوکاریکردنی کەسەکان تا دووبارە ڕوونەداتەوە.

لێرەدا کاری کۆمەڵایەتی بەچەند هەنگاوێک ئەم ئامانجە دێنێتە دی ئەوانیش:

١.ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و بە بەردەوامی لەسەر دەستنیشان کردنی کێشە و پێداویستی تاکەکانی کۆمەڵگە و دیاریکردنی تەواوی سەرچاوە مادی و مرۆییەکان، ئەوەی هەیە و ئەوەی دەکرێت بەدەستبهێنرێت بە مەبەستی داڕشتنی سیاسەت و پلان و بەرنامە بۆ باشترکردنی داهاتووی کۆمەڵگا.

٢. بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاری بەردەوام لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ هەموو چین و توێژەکان.

٣. ئیشکردن لەسەر گۆڕینی هەندێک لە یاسا و ڕێسا و سیاسەتەکان و سیستەمەکانی کۆمەڵگا و بەها و دابونەریتەکان، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا.

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامانجانە لەبواری کۆچدا:

ئاستی یەکەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە مەترسییەکانی کۆچی نایاسایی بەتایبەت لەنێو گەنجاندا، کارکردن بۆ داڕشتنی سیاسەتی تایبەت بە خزمەتکردنی گەنجان .

ئاستی دووهەم : کاتێک کۆچکردنی گەنجان دەبێتە دیاردە دەکرێت کاری کۆمەڵایەتی هەنگاوی جدی بگرێتەبەر لەڕێگای هەڵمەتی هۆشیارییەوە بۆ بەرگرتن لە کۆچکردنی زیاتری گەنجان.

ئاستی سێهەم : کارکردن لەگەڵ ئەو تاک و خێزانانەی کۆچیانکردووە و گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی زادگای خۆیان و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان و گونجاندنەوەیان لەگەڵ هەلومەرجی ژیانکردنی تازە و کارکردن لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکان بۆ کارئاسانیکردن بۆیان.

٢. ئامانجی چارەسەرکردن:
ئەم ئامانجە کاتێک دەستپێدەکات، کە هیچ ڕێگایەک نەماوە و کێشەکە ڕوویداوە و پێویستە چارسەر بکرێت. دەکرێت ئەم ئامانجە بەتەواوی لەگەڵ ئەو کەسە کۆچبەرانەی گەڕاونەتەوە بەکاربهێنرێت، چونکە وەک ئاماژەمان پێکرد ئەمانە کەسانێکن، کە لەپێناو گەیشتن بە وڵاتی مەبەست هەموو شتێکیان لە وڵاتی زادگا لەدەستداوە و لەدوای گەڕانەوەیان لەخاڵی سفرەوە دەستپێدەکەن. بۆیە ئەم ئامانجە دواتر بە وردی لەتەوەرێکی تایبەت لەسەری دەدوێین.

٣. ئامانجی گەشەپێدانی تواناکان
مەبەستی لێی گەشەپێدانی توناکانی تاکە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێکارێک دەگرێتەبەر لە پێناو بەهێزکردنی تواناکانی مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاک، خێزان یان کۆمەڵگا بێت، بێگومان کەسێک، کە کۆچیکردووە و دەگەڕێتەوە پێویستە کار لەسەر بەهێزکردنی تواناکانی بکرێت، تاوەکو بتوانێت لەگەڵ ئەم ئەزموونە نوێیەی ژیان بگونجێ و بتوانێت ژیان و داهاتووی بەرەوپێش بەرێت (ابو نصر:٩٠٠٢،ل٥٤-٥٩).
-ئامانجی چارەسەرکردن و گەڕانەوەی کۆچبەر و دووبارە تێکەڵکردنی لەگەڵ کۆمەڵگا:
بێگومان ئەو کۆچبەرەی دەگەڕێتەوە پێویستی بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و بەرنامەی تایبەت هەیە، تا بتوانێت ژیانێکی تازە دەستپێبکاتەوە لەو شوێن و جێگایەی، کە بەجێیهێشتووە و ڕیسکی بە ژیانیکردووە.
دەکرێت ئەم خزمەتگوزارییانە دابەشبکەین بۆ خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی (تاک، خێزان). هەروەها خزمەتگوزاری بەپێی بوارەکان جیابکەینەوە.

کاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی ئەو مۆدێلانەی کە پشتی پێدەبەستێت دەکرێت بۆ هەر یەک لەم بوارانە جۆرێکی دەستوەردان بەکاربێنێت.

١.لەڕووی بنیادی: مەبەست لێی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و ئامرازی گەرمی و ساردی ئاوەڕۆ و هەموو ئەو کەلوپەل و پێداویستییانەی، کە گرنگن بۆ ژیانکردن، لێرەدا دەکرێت کۆمەڵگا هاوکاری کۆچبەری گەڕاوە بکات لە دابینکردنی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەی ژیان بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ڕێگەی دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ فەراهەمکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

٢.لەڕووی کۆمەڵایەتی : لەم ڕووەوە دەکرێت کاری کۆمەڵایەتی بە تیۆری سیستەم (نسق) و تیۆری ئیکۆلۆجی هاوکاری کۆچبەری گەڕاوە بکات تیۆری ڕێکخراوە ( نسق) لۆدۆنج فون بیرتلانفی ئەم تیۆریەی داڕشت هال و فاجن پێناسەی ڕێکخراوە (نسق) دەکەن بەوەی لە چەند بەشێک پێکدێت هەموویان پەیوەستن بەیەکەوە لە ڕێگای کۆمەڵێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. وشەی ڕێکخراوە ( نسق )زۆر شت دەگرێتەوە، ڕەنگە هەر تاک خۆی ڕێکخراوە (نسق) بێت لە چەند بەشێکی جەستەیی عەقڵی دەرونی و ڕۆحی پێکدێت، کە هەموویان گرێدراون و کاریگەریان لەسەر یەک هەیە، هەر ئەو تاکە بەشێکە لە ڕێکخراوەیەکی گەورەتر ئەویش خێزان و گروپە، هەر ڕێکخراوەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر بەپێی ئەم تیۆریە مرۆڤ لە ژیاندا پشت بە چەند سیستەمێکی دیاریکراو دەبەستێت لە ژینگەی چواردەوری تاوەکو بتوانێت ژیانێکی شایستە بژی، پێویستە کاری کۆمەڵایەتی لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەی تاکەکاندا بایەخ بە پەیوەندی ئەو تاکە بەم سیستەمانەوە بدات، ئەوانیش سیستەمی نا فەرمی و سروشتیین، کە خێزان و گروپ و هاوڕێ و هاوپیشەن.

سیستەمی فەرمی : گروپە ناوخۆییەکان و سەندیکاکان و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و نەخۆشخانە و خوێندنگا ...هتد، بە گشتی ئەو کەسانەی کێشەیان هەیە نازانن چۆن سروشتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم سیستەمانە ڕێکبخەن و سودیان لێوەربگرن، جا ئیتر لەبەرئەوەیە نییانە یان نایزانن یان نایانەوێت، لێرەدا ئەرکی کۆمەڵگە ئەوەیە بزانێت ئایا هۆکاری پەیوەندی نەکردنەکە چییە، یان ئایا کێشەکە لەکوێدایە، چۆن دەکرێت چارەسەر بکرێت؟ لەبەرئەوەی ئەرکی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵکار چارەسەرکردنی کێشەی تاکەکانە، لێرەدا پێویستە کۆمەڵکار کاربکات بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانی ئەو کەسەی خاوەن کێشەیە تا بتوانێت سود لە تواناکانی وەربگرێت چارەسەری کێشەکانی بکات و پەیوەندی بە سیستەمەکانی دیکەوە بکات .

ئەمە جگە لەوەی تێڕوانینێک دیکە هەیە لەم تیۆرەدا پێیدەوترێت ڕێکخراوەی ژینگە (نسق الایکولوجی ) دەگەرێتەوە بۆ ولیام جوردون پێیوایە کاری کۆمەڵایەتی تیشک دەخاتە سەر خودی کەسەکە و ژینگەی چواردەوری و پەیوەندی و کارلێکی نێوانیان ،ئەم تیۆرە چەند چەمکێک لە خۆدەگرێت لەوانە دوانەی تاو ژینگە (توام بین الفرد والبیئة)، کە بریتییە لە یەکخستن و کارلێکی تەریبی نێوان دوو یەکەی کارکردن، لەلایەک تاک و خێزان و گروپی بچوک لەلایەکی دیکە ژینگەی مادی و کۆمەڵایەتی چواردەور .

گرنگترین چەمکەکانی ئەم تیۆرە بریتین لە:

خۆ گونجاندن : واتە کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆگونجاندنی تاک لەگەڵ ژینگەی چواردەوری بە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە تیایدا ڕوودەدا.

فشارەکانی ژیان: ئەو بارودۆخانەیە، کە مرۆڤ لە ژانیدا پیایاندا تێدەپەڕێت و لە دەرەوەی تواناکانی خۆیەتی و تاک توشی دڵەڕاوکێ و ترس دەکات.

فشار: ئاستێکی ناهاوسەنگی سۆزدارییە تاک لە دەرئەنجامی فشارەکانی ژیان توشی دەبێت (باین : ٢٠١٠، لا١٥٣-١٧٦).

بەپێی ئەم تیۆرە کۆچکردوی گەڕاوە یەکێک لەو کێشانەی هەیەتی کێشەی پەیوەندییەکانیەتی بەو سیستەمانەی ئاماژەمان پێکرد. لێرەدا ئەرکی کۆمەڵگایە هاوکاریبکات لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی بەخزم و کەسوکار و هاوڕێ و هاوپیشەکانی، کۆچبەری گەڕاوە دەکرێت تاکە کەسێک بێت یان خێزانێک بێت، کە خاوەنی نەوەی دووەمی کۆچبەربن واتە منداڵ و هەرزەکاریان هەبێت، کە لە وڵاتی مەبەست لەدایکبووبن و هیچ شتێک سەبارەت بە کلتوری ئەم کۆمەڵگایە نەزانن و کەسێکی تەواو هاوشێوەی کۆمەڵگای تاراوگە و نامۆیە بەم کۆمەڵگایە. بەپێی ئەم تیۆرە سەرنج لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کۆچبەری گەڕاوەیە، جا لەناو خێزانی خۆی یان لە دەرەوەی خێزان و کۆمەڵگە، کۆمەڵکار بە حوکمی ئەو ڕۆڵە زۆرانەی هەیەتی دەکرێت بەشێک لەو ڕۆڵانەی لە خزمەتی چاککردنی پەیوەندییەکانی کۆچبەر بە ئەوانی ترەوە بخاتەکار لەوانە (هاوکاربێت لە خۆگونجاندنی تاک، چارەسەرکاربێت، بەڕێوەبەردنی کەیس، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەردنی تورەبوون).

هەروەها دەبێت کۆمەڵکار کاربکات بۆ هاوکاریکردنی ئەندامانی خێزان بە تایبەت لە سەرەتادا کە بەهۆی ئەو بارودۆخە دەروونییە نا هەمووارەی تیایدان فشاریان لەسەر زۆر دەبێت. بەمەش باری دەروونییان هاوسەنگ نابێ و ڕەنگە توشی هەڵچوون و پێکدادان ببن لە نێو خۆیاندا. جگە لەوەی هاوکارییانبکات لە دووبارە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان بەپێی کلتوری وڵاتە ڕەسەنەکە، کە کلتوری باوباپیرانیانە و ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، دواتر هاوکاریان دەبێت لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییان بە کەسانی چواردەورەوە، دەکرێت سەندیکایەک دروستبکرێ تایبەت بە گەڕاوەکان تا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵکار ئاگاداری پێویستی و کێشەکانیان بێت، ڕۆڵێکی دیکەی خۆی بگێڕێ وەک نێوەندگیر لە گەیاندنی داواکاری و کێشەکانیان بە لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی جێبەجێکردن و چارەسەرکردنیان، هەروەها هاوکاریکردنی ئەم تاکە یان ئەو خێزانە لە دامەزراوەکانی وەک خوێندنگا و نەخۆشخانەکان و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین ئەگەر بارودۆخی ئابوریان باشبێت ڕەنگە کارێکی تا ڕادەیەک ئاسان بێت بۆ خێزانەکان، بۆ نموونە ئەگەر منداڵ یان هەرزەکاریان هەبێت دەکرێت بیخەنە خوێندنگایەکی تایبەت، بەڵام ئەگەر کۆچبەرە گەڕاوەکە لە توانایدا نەبێت پێویستە کۆمەڵکار بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری کۆچ و لە چوارچێوەی پڕۆگرامی گەڕانەوەی خۆویستانە ئەم هاوکارییە بۆ خێزانەکان دەستەبەربکات.

بە گشتی لەم جۆرە دەستێوەردانە دەبێ کۆمەڵکار پابەندی ئەم هەنگاوانە بێ:
ا. پەیوەندیکردن: ئەمەش سەرەتای پەیوەندیکردنی کۆمەڵکارە لەگەڵ کۆچبەر یان خێزانە کۆچبەرە گەڕاوەکە خۆناساندن و دروستکردنی متمانە و پەیوەندی پیشەیی لەگەڵیان .
ب. کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر کۆچبەر یا خێزانە کۆچبەرە گەڕاوەکە لە هەموو ڕوویەکی جەستەیی و هزری و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی. پاشان زانیاری لەسەر پێداویستی و کێشەکانیان کۆبکاتەوە و ئەو سەرچاوە و توانایانەی هەیانە یان پێویستیانە. پاشان پلە بەندیکردنی پێداویستی و کێشەکانیان لە گرنگترین بۆ گرنگتر لە خێراترین بۆ ئەوەی کە دەکرێ دوابخرێت .
ج. جۆری دەستوەردان دیاریبکات و دەستبکات بەجێبەجێکردنی جۆری دەستوەردانەکەی لەسەر سێ ئاست مایکرۆ واتە تاک بە تاکی کۆچکردووی گەڕاوە، میزۆ واتە خێزانەکە بە گشتی، ماکرۆ واتە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و دامەزراوەکان.
هەریەک لەمانە بە گوێرەی مۆدیۆڵ و تیۆریە جیاوازەکانی دەستێوەردان، جۆرێکی دیکەی دەستوەردانیان هەیە، کە بە گوێرەی حاڵەتەکان دەکرێ دیاریبکرێن.

٢. خزمەتگوزاری دەرونی: کاری کۆمەڵایەتی سودی لە کارەکانی لازاریۆس لە بواری چارەسەری دەرونی وەرگرتووە، کە پەیوەستیکردوە بە کاری کۆمەڵایەتی. ئەم تیۆرە لە بواری کاری کۆمەڵایەتی بەتیۆری فێربوون دەچەسپێت و چەمکەکانی لە وروژاندن و وەڵامدانەوە و پاداشتکردن و لەسەر بنەمای ڕەفتاریی دیاردەکات، ئەم تیۆرە باس لەوە دەکات ڕەفتاری ڕاست و ناڕاست بە هەمان ڕێباز و میکانیزم مرۆڤ فێری دەبێت ، ئەم تیۆرە گرنگترین گریمانەکانی بریتییە لە ڕەفتاری مرۆڤ وەرگیراوە واتە مرۆڤ فێر دەبێت جا ئیتر بە هەوڵدان و هەڵە یان لە ڕێگای پێکەوە گرێدانی مەرجدار ڕەفتاری ڕاست دەکرێت پاڵپشتی بکرێت بە هەمان شێوە ڕەفتاری هەڵە دەکرێ بە پاداشت و سزا چاکبکرێت.

لە گرنگترین ڕەفتارە هەڵەکان کە دەکرێت بە پاداشت و سزا چاکبکرێت بابەتی خراپ گونجاندن و ڕەفتاری لادەر و ترس لە دروستکردنی پەیوەندی، ترس لە بێکاری و بەدەستنەهێنانی بژێوی ژیان و شکستهێنان لە ژیان، گومانکردن لە تواناکان و ملکەچبوون بۆ فشارەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەمانە مرۆڤ توشی جۆرێک لە شڵەژانی دەرونی دەکات، پێویستی بە دەستوەردان هەیە. لێرەدا پێویستە لەسەر کۆمەڵکار چەند هەنگاوێک بگرێتە بەر لەوانە:

ا. پێویستە ڕێگای چارەسەرکردنی ڕەفتاری دەستپێبکرێت بۆ کەسەکە لەڕێگای فێرکردن یان سڕینەوەی ئەوەی پێشتر فێری بووە و دووبارە بونیادنانەوەی ڕەفتار.
ب. تیشک خستنە سەر ڕەفتارە دیارەکە.
ج. چارەسەری ئاڕاستەیی بۆ کێشەکە.
د. چارەسەری مەودا کورت و ڕاستەوخۆ و ڕێکخراو و بۆ ئاڕاستەکردنی سودمەندەکە (عجوبة:٢٠١١،ل٦٣-٦٩).

چارەسەری ڕەفتاریی هەر چارەسەر نییە بۆ کێشەکە، بەڵکو چارەسەرە بۆ ئەو شڵەژانە دەروونیانەی دەرئەنجامی ئەم کێشەیە دروستدەبێت، بە گشتی ئەو کۆچبەرانەی دەگەڕێنەوە پێویستی زۆریان بە هاوکاری و پاڵپشتی دەرونی هەیە، چونکە ئەزمونێکی ناخۆشیان بینوە لە کاتی کۆچکردن و زۆرێکیان توندوتیژیان بەرامبەرکراوە یان کەسانێکیان لە دەستداوە یان قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بوون، ماڵ و سامانیان لەدەستداوە خەونەکەیان نەهاتوەتەدی لە وڵاتی مەبەست و ناچاربوون بەگەڕانەوە و سەرلەنوێ دەستکردنەوە بە ژیان، ئەمانە ئاسان نییە. بێگومان مرۆڤ توشی چەندین شڵەژانی دەرونی دەکات لە خەمۆکی، بێزاری ڕەشبینی، دڵەڕاوکێ، ترس، نائارامی دەرونی، بۆیە ئەم کەسانە پێویستیان بە پاڵپشتی دەرونی و چارەسەری ڕەفتاریی هەیە بە مەبەستی ڕزگارکردنیان لەو بارودۆخەی، کە تێیدان. بەپێی ئەم تیۆرە دەکرێت کۆمەڵکار هاوکارێکی باشبێت لەم ڕووەوە گوێگرێکی باش و ئامانجداربێت بۆ دەردەدڵەکانی کۆچبەرە گەڕاوەکە و کاربکات بۆ گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە ڕێگای پاداشت و سزا.

٣. خزمەتگوزاری ئابوری : تیۆری تیشکخستنەسەر کار (المهام) دادەنرێت بە تەوژمی دووەمی تیۆرەکان لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لەم بیست ساڵەی دوایدا زۆر پەرەیسەند تێزی دکتۆرای ولیام.ج.ڕید لە زانکۆی شیکاگۆ لە (١٩٦٣) دادەنرێت بە یەکەمین ئاماژەکان بۆ گریمانە و بۆچوونەکانی ئەم تیۆرە، کە دواتر بۆچوونەکانی لەلایەن کۆمەڵێک زانای دیکەی وەک (ڕید ، شاین ، ئیپستین) فراوانکرا.

ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای چەند گریمانەیەک دارێژراوە ئەوانیش:-

- باشترین ڕێگا بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بگات بەوەی دەیەوێت کارکردنە.
- ئەوەی کارەکە بەڕێوەدەبات کۆمەڵێک بیروباوەڕی هەیە سەبارەت بە کارەکە و خودی کەسەکە لەسەر ئەم بنەمایە پلانی کارەکە دادەڕێژرێت.
- زۆربەی شڵەژانە دەرونییەکان دەرئەنجامی نەبوونی خۆگونجاندنە.
- کات هاوکارێکی یارمەتیدەری سودمەندە.
- بوونی ئەزمونی ئەرێنی یارمەتی سودمەند دەدات تا بتوانیت ئاستێکی باڵای خۆگونجاندن بەدەستبهێنێت و زاڵبێت بەسەر ئەو بەربەستانەی دێتە ڕێگای.
- ژیان لە کۆمەڵێک هەلومەرج و ڕووداو پێکدێت کاتێک بەربەستەکان وەک بەشێکی سروشتی لە ڕووداوەکان زۆر دوبارە دەبێتەوە ئەمە دەبێتە کێشە.
- ڕەفتارەکانمان ڕەنگدانەوەی کەسایەتیمانە و هەستەکانیش لە ڕەفتارەکانەوە سەرچاوە دەگرێن.

ڕید پێناسەی کێشە دەکات بەوەی جۆرێک لە ئارەزووی بەدەستنەهاتووە یان پێویستییەکی پڕنەکراوەیە بەپێی ئەم تیۆرە:

یەکەم هەنگاوی کارکردن لەگەڵ سودمەند بەوە دەستپێدەکات، کە ئایا ئەو کەسە کێشەی هەیە یان نا، یان ئایا شتێکی هەیە ئارەزووی بکات بیگۆڕێت، ئایا پێویستی بە یارمەتی هەیە لەم گۆڕانکارییە یان نا.

هەنگاوی دووەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئامانج و بڕیاردان لەسەر ئەوەی، ئایا ئامانجەکە واقعییە واتە قابیلی جێبەجێکردنە یان نا، پاشان دەستنیشانکردنی کات لێرەدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، یان دەکرێت سودمەند زیاتر لە کێشەیەکی هەبێ لێرەدا دەبێت پلەبەندی بۆ بکرێت لە گرنگترین بۆ گرنگتر و کامیان ناتوانرێت چاوەڕێی بکات و دەبێت بە زوترین کات جێبەجێبکرێت.

پێویستە لەسەر کۆمەڵکار و سودمەند چەند خاڵێک هەیە دیاریبکەن، ئەوانیش چی پێویستە بگۆڕێت، بەربەستەکان چین لە پێش گۆڕانکاریەکە، ئەرکەکان چین، کە پێویستە هەریەک لە سودمەند و کۆمەڵکار جێبەجێیبکەن، چەند کاتیان پێویستە .

خاڵی سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە بایەخ بە ڕابردوو نادات. واتە کار لەسەر ئێستا دەکات، واتە بۆی گرنگ نییە بزانی مێژووی کێشەکە کەی بووە و چۆن دەستیپێکردوە و چی ڕوویداوە لە ڕابردوویەکی دوور، تەنها بەلایەوە گرنگە بزانێ کێشەکە لە ئێستادا لە چ ئاستێکدایە و لە ڕابردوویەکی زۆر نزیک چی ڕوویداوە، لەپێناو خزمەتگەیاندن بە چارەسەری کێشەکە لۆجیکیانە بیربکەینەوە. ئێمە ناتوانین ڕابردوو بگۆڕین ئەوەی ڕوویداوە ڕوویداوە .

ئەم تیۆرە کێشەکانی دابەشکردووە بەسەر چەند پۆلێک لەوانە :
ململانێی کەسی، نارەزایی بەرامبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی سەرچاوە پێویستەکانی وەک شوێن و خواردن و پارە و کار، نەبوونی توانای بڕیاردان، کێشە لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان، وەڵامدانەوەی سۆزداری، کێشەی تر.

هەنگاوی دیکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەرک (مهام) واتە دیاریکردنی جۆری ئەرکەکە (مهمە) و گفتوگۆکردنی لەگەڵ سودمەند و دەسنیشان کردنی ئەوەی سودەکانی چییە، چی پێویستە بکرێت، ڕێگریەکان چین، پلان چییە بۆ جێبەجێکردنی، چەند کات پێویستە، پاشان پێداچونەوە بەوردی پاشان جێبەجێکردنی (میلز و اوبیرن،٢٠١٢ ل١٢٩-١٥٠).
لەبارەی کۆچی گەڕاوە دەکرێت ئەم تیۆرییە یەکێک بێت لە باشترین ڕێگاکانی دەستوەردان لە بواری خزمەتگوزاری ئابووری، کە پێشکەش بە کۆچبەری گەڕاوە دەکرێت، بەو پێیەی ئەم تیۆرە کار لەسەر ئێستا دەکات نەک ڕابردوو. کاتێک کۆچبەرەکە دەگەڕێتەوە پێویستە کار لەسەر کاتی هاتنەوەی بۆ کۆمەڵگا ڕەسەنەکەی بکرێت و ئەوەی ڕوویداوە لە ڕابردوودا هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا ناکرێ، لە لایەکیترەوە یەکێک لەوکێشانەی ئەم تیۆرە لە پۆلێن بەندیەکەدا باسیدەکات کێشەی ئابورییە لەڕووی بێکاری و هەژاری و خزمەتگوزاری سەرەکی ژیان. لێرەوە دەکرێت کۆمەڵکار لەگەڵ سودمەند، کە کۆچبەری گەڕاوەیە دابنیشێت و بە وردی گوێ لە کۆچبەری گەڕاوە بگیرێ، بە وردی لە کێشەکەی تێبگات ئایا کەمدەرامەتییە یان بێکاریە یان نەبوونی ماڵ و پێداویستی ژیانە، پاشان بە یەکەوە گفتوگۆی دەکەن و پۆلێن بەندی بۆ دەکەن، کامیان لە هەمووی گرنگترە ناتوانرێ دوابخرێ، لەسەر ئەو بنەمایە کێشەکە دیاریدەکەن و ئەرکەکە (مهم) دیاریدەکەن و تاووتوێی ئەو بەربەستانە دەکەن، کە دێتە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکە (مهم)، پلاندادەڕێژن و کات دیاریدەکەن و دەستدەکرێت بە جێبەجێکردنی هەرچی گرنگە لێرە بوترێت کۆمەڵکار تەنها رۆڵی هاوکار دەبینێت و دەبێت کۆچبەر خۆی بەشداریی کارای هەبێت لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکە (مهم) ڕەنگە ئەمە دەرفەت بێت بۆ چارەسەری چەند کێشەی دیکە.

٤. خزمەتگوزاری یاسایی: لە ڕێگای کەسێکی یاسایی دەبێت بۆ هاوکاریکردنی کۆچبەری گەڕاوە بۆ دەرهێنانەوەی هەموو ئەو بەڵگە و ئامارانەی، کە پێویستیەتی کەسەکە لە دەستیداوە لە کاتی کۆچکردنی بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە.

## دەرئەنجام:

کۆچبەری گەڕاوە ئەو کەسەیە، کە بە بڕیارێکی خۆویستانە دەگەڕێتەوە نێو زێد و خاکی ڕەسەنی خۆی، لەکاتی گەڕانەوەیدا کۆمەڵێک پێداویستی هەیە پێویستە پڕیان بکاتەوە و کۆمەڵیک کێشەی هەیە دەبێت چارەسەر بکرێت، بێگومان ئەم پێداویستی و کێشانەی دەگۆڕێن بەپێی (تەمەن منداڵ، هەرزەکار، گەنج، بەساڵاچوو، بە گوێرەی ڕەگەزی نێرو مێ، بە گوێرەی ئەوەی ئایا کەسەکە بە تەنها دەگەڕێتەوە یان خێزانەکە هەموویان، ئاستی ڕۆشنبیرییان، ئەزمونی کۆچیان چۆنبووە، ئەزمونی ژیانکردنیان لەو وڵاتەی ژیاون) لەسەر ئەم بنەمایانە جۆری خزمەتگوزارییەکان دیاریدەکرێن، کە پێشکەشیان دەکرێ، ئایا خزمەتگوزاریی (ئابووری، یاسایی، تەندروستی، کۆمەلایەتی، دەرونی، پەروەردەیی..هتد) بۆ پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە، کۆمەڵکار، کە دەرچووی بەشی کاری کۆمەڵایەتییە و بە شێوازێکی تیۆری و پراکتیکی لە ڕێگای پرۆگرامی خوێندن ئامادەکراوە بۆ هاوکاریکردنی ئەم کەیسانە، بەڵام ئەوەی جێی بایەخ بێت و بوترێت ئەوەیە کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی زانستی زۆر فراوانە چەندین تیۆر و مۆدێلی دەستوەردانی هەیە بە گوێرەی (ڕەگەز، تەمەن، جۆری خزمەتگوزارییەکان) بە کورتی بەگوێرەی کەیسەکان گۆرانکاری بەسەردا دێت، دەکرێت کۆمەڵکار لە کاتی بۆ نموونە مامەڵەکردنی لەگەڵ گەنجێکی گەڕاوە چەندین مۆدێلی دەستوەردان بە گوێرەی پێویستی و کێشەکانی پێشکەشبکات بە جۆرێک کە سوود بەم کەیسانە بگەیەنێت لە کۆتاییدا هاوکارێکی باش بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

**پێشنیار:**

ئەنجامدانی توێژینەوەیی زانستی زیاتر لە بارەی:

١/پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو خێزانە کۆچبەرانەی کە دەگەڕێنەوە.

٢/ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گروپی کۆچبەرانی گەڕاوە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی دەستێوەردان لە بواری کاری کۆمەڵایەتی کە لەم توێژینەوە ئاماژەیی پێ نەکراوە لەگەڵ کۆچبەرانی گەراوە بە گوێرەیی پێداویستی و کێشەکانیان.

**ڕاسپاردە:**

١/حکومەت هاوکاری ئەم کۆچبەرانە بکات بە دروست کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون وەک ئەو پێداویستیانە کە هەیە بۆ کۆکردنەوەیان بە جۆرێک کە تەواوی خزمەتگوزاریەکان فەراهەم بێت.

٢/دروستکردنی نوسینگەی راوێژکاری کە کۆمەڵکار و یاسایی و پسپۆری دەروونی تێدایە بۆ هاوکاری کردنیان بە شێوەی فریاگوزاری خێرا و پێشکەش کردنی پاڵپشتی و هاوکاری (کۆمەڵایەتی - دەرونی – تەندروستی – یاسایی).

٣\دروستکردنی سەندیکا بۆ ئەم کۆچبەرانە یان بۆ هاوکاری کردنیان لە گەیاندنی پێویستی و کێشەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار و دەبێت ئەندامەکان لە کۆچبەرە گەڕاوەکان خۆیان بن، هەروەها هاوکاریکردنی منداڵەکانیان کە لە نەوەی دووەمن بۆ تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کلتور و خوێندنگا و پۆل و گروپە هاوڕێکانیان لە ڕێگەی ڕێنمایکاری پەروەردەیی و دەرونی نێو خوێندنگاکان، کە دەرچووی کاری کۆمەڵایەتین.

٤/ئاسانکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە دەرهێنانی بەڵگەنامە یاسایەکان بۆیان لەلایەن کەسانی یاسایی.

٥/ هاوکاریکردنی منداڵەکانیان کە لە نەوەی دووەمن بۆ تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کلتور و خوێندنگا و پۆل و گروپی هاوڕێکانیان لەڕێگەی ڕێنمایکاری پەروەردەیی و دەرونی نێو خوێندنگاکان کە هەر دەرچوی کاری کۆمەڵایەتین.

## ليستى سەرچاوەكان


١- فهمي (٢٠١٣)،محمد سيد، الممارسة العامة للخدمة الاجتماعية (مجالات تطبيقية)، المكتب الجامعي الحديث، القاهرة،ط١.

٢- على (٢٠٠٩) ، ماهر ابو المعاطي،استراتيجيات و ادوات التدخل المهني في الخدمة الاجتماعية،المكتب الجامعي الحديث، القاهرة،ط١.

٣- على (٢٠٠٩) ، ماهر ابو المعاطي،الاتجاهات الحديثة في الخدمة الاجتماعية،المكتب الجامعي الحديث، القاهرة،ط١.

٤- ابونصر(٢٠٠٩)،مدحت،فن ممارسة الخدمة الاجتماعية،دار الفجر للنشر و التوزيع،القاهرة،ط١.

٥- السروجى و ابو المعاطي (٢٠٠٨) ، طلعت مصطفى و ماهر ، ليادين ممارسة الخدمة الاجتماعية ، الشركة العربية المتحدة للتسويق و التوريدات بالتعاون مع جامعة القدس المفتوحة ، القاهرة ، ط١.

٦- عبيد و جودت (٢٠٠٩) ، ماجدة بهاء الدين السيد و حزامة ، وقفة مع الخدمة الاجتماعية ، دار الصفاء للنشر و التوزيع ، الاردن ، ط١.

٧- سهاونة (١٩٨٣)، فوزي، مبادىء الديموغرافيا، مطبعة الاردن، عمان.

٨- غدنز (٢٠٠٥) ، انتوني ، الترجمة : فايز الصياغ ، علم الاجتماع ، المنظمة العربية للترجمة ، لبنان ، ط٤.

٩- وكالة امم المتحدة للهجرة (٢٠٢٤)،ادوات المشورة بشأن العودة ، المنظمة الدولية للنشر ، جنيف .

١٠- دينيسون (٢٠٢٤) ، جيمس، التواصل و الدعم في العودة الطوعية و اعادة الادماج، منفذ من طرف ICMPD،بتمويل من الاتحاد الاوروبي.

١١-هندي (٢٠٢٤) ، عبد المجيد احمد ، الحراك المهني و تفضيلات العودة الطوعية و اعادة التوطين ، المجلة العربية لعلم الاجتماع ، العدد ٣٣.

١٢- راضي (٢٠١٨) ، الهجرة غير الشرعية للعراقيين ، الاعداد و الاسباب و الحلول ، مجلس النواب – دائرة البحوث ، العراق .

١٣- علي (بدون سنة الطبع) ، يونس حمادي ، مبادىء علم الديموغرافيا ، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، بغداد.

١٤- الشواورة و الحبيس (٢٠٠١)،سالم على و محمود عبدالله ، جغرافيا السكان ، دار الصفاء للنشر و التوزيع ، عمان ، ط١.

١٥- تايلورسلاكن و (١٩٩٦) ، انو وليد بيسلو سلاكن و اخرون ،ترجمة : عيسى سمعان ، مدخل الى علم النفس ، منشورات وزارة الثقافة في جمهورية العربية السورية ، دمشق ، ط٢.

١٦- احمد (٢٠٠٧) ، احمد محمد عوض بني ، الاحتراق النفسي و المناخ التنظيمي في المدارس ، دار الحامد للنشر ، عمان ،ط١.

١٧- البريفكاني (٢٠٠٣) ، احمد محمد اسماعيل و اخرون ، هجرة الخريجين من جامعات اقليم كوردستان العراق ، مجلة جامعة دهوك ، مجلد ٦ ، العدد١.

١٨- محەمەد(٢٠١٣)،كوردستان عمر،خۆگونجاندنى كۆمەڵايەتى كۆچبەرانى كورد لە وڵاتانى ئەوروپا،بەڕێوەبەرايەتى چاپ و بڵاوكردنەوەى سلێمانى، سلێمانى ، چ١ .

١٩- ابو عيانة (٢٠٠٠)، فتحي محمد ، جغرافية السكان ، دار انهضة العربية للنشر و التوزيع ، بيروت ، ط١.

٢٠- سلمانة (٢٠١٨) ، بدر ، مواقع التواصل الجتماعي في بناء الصورة النمطية للهجرة لدى الشباب الجامعي ، مذكرة لنيل شهادة الماجستير ، جامعة بن الصديق يحي ، جيجل .

٢١- مخلوفي و الهلة (٢٠٢٤) ، احمد و عثمان ، دور مواقع التواصل الاجتماعي في ظاهرة الهجرة الغيرة الشرعية ، مذكرة التخرج لنيل شهادة الماستر الاكاديمي ، جامعة قاصدي مرباح ، ورقلة.

٢٢-جورج و ولدنج (٢٠١١) ، ڤيك و بول ، ترجمة : طلعت مصطفى السروجي ، العولمة و الرعاية الانسانية ، مكتب الجامعي الحديث ، القاهرة.

٢٣- اسعد(٢٠٠٥)،دلير احمد ،الادارة التربوية ، مكتب المجتمع العربي ، عمان، ط١
٢٤-عزيز(٢٠٠٦)، هاوژين محمود ، تقبل الذات و الاخرين و علاقته بالتفاؤل و التشاؤم لدى المتأخرات في الزواج ، رسالة الماجستر غير منشورة ، مقدمة الى كلية التربية للعلوم الانسانية ، جامعة صلاح الدين ، اربيل.
٢٥- عبدالله (٢٠٠٣) ، اسو ابراهيم، السمات القومية للشخصية الكوردية ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، مقدمة الى قسم الاجتماع ، كلية العلوم الانسانية ، جامعة السليمانية.
٢٦-ابو نصر (٢٠٠٩) ، مدحت ، فن ممارسة الخدمة الاجتماعية ، دار الفجر للنشروالتوزيع، القاهرة، ط١.
٢٧- باين (٢٠١٠)،مالكوم ، الترجمة : حمدي محمد ابراهيم منصور و سعيد عبدالعزيز عويضة ، نظرية الخدمة الاجتماعية المعاصرة ، المكتب الجامعي الحديث ، القاهرة ، ط١.
٢٨- عجوجة (٢٠١١)، مختار ابراهيم ، الخدمة الاجتماعية و اخلاقياتها ، دار عزة للنشر و التوزيع ، السودان ، ط١.
٢٩- ميلز و اوبرن (٢٠١٢) ، جوديث و باتريک،ترجمة : عبد الناصر عوض احمد جبل، التقدير في الخدمة الاجتماعية ، المكتب الجامعي الحديث ، القاهرة ، ط٢.

**Vision Foundation**
**for Strategic Studies**

+964 772 330 0005
info@vfssiq.org
Sulaymaniyah , Ashty ,
Opposite to Azadi Park

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە